خەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5674) پێنج شەممە 17ی کانوونی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

مەسرور بارزانی و فەرماندەی گشتیی تیمی هاوبەشی ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکان لە عێراق و سووریا کۆبوونەوە

مەسرور بارزانی: پێویستە ڕێککەوتنێکی نوێ لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوادا بکرێ بۆ جێگیرکردنی مافی گەلەکەیان لە گۆڕانکارییەکاندا



دوێنێ چوارشەممە /16/1 2019مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە (جەنەرال پاتریک ڕۆبەرسۆن) فەرماندەی گشتی تیمی هاوبەشی ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکان لە عێراق و سوریا و شاندی یاوەری کرد.

لەم دیدارەدا دواپێشهات و ئەگەرەکانی ناوچەکە بە گشتی و قۆناغەکانی شەڕی تیرۆریستان تاوتوێکرا، هەروەها بیرورا لەبارەی دوا پەردەسەندنەکانی تایبەت بە ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی فورات لە سووریا ئاڵوگۆڕ کرا، پەیوەست بەوە مەسرور بارزانی ئاماژەی بەوەدا کە بە پێویست دەزانرێت ڕێککەوتنێکی نوێ لە نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا بکرێت بۆ ئەوەی مافی گەلەکەیان لە گۆڕانکارییەکاندا جێگیر بکەن.

هەر لەو دیدارە باس لە جموجۆڵ و پەردەسەندنەکانی داعش لە هەندێ ناوچەی عێراق و ڕۆڵ و هەماهەنگیی نێوان هێزەکانی ئەمەریکا و عێراق و هەرێمی کوردستان کرا بۆ ڕێگەگرتن لە سەرهەڵدانەوە و گەشەکردنی زیاتری گرووپە تیرۆریستییەکان و سەقامگیرکردنەوەی عێراق بە گشتی و ناوچە رزگاربووەکان بە تایبەتی.

پەرلەمانی بەریتانیا ڕێککەوتنی بڕێکسیتی ڕەتکردەوە 3



دیندار زێباری: بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ دەستگیرکراوان کراوە بەتایبەتی لە یەکلاکردنەوەی کەیسەکانیان

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



سەرۆک بارزانی بەشداریی لە پرسەی مامۆستا محەممەد مەلا قادر کرد

دوێنێ چوارشەممە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، سەرۆک بارزانی بەشداری لە مەراسیمی پرسەی تێکۆشەر و خەباتگێڕی گەلی کوردستان، خوالێخۆشبێت مامۆستا محەممەد مەلا قادر کرد.

ڕۆژی 2019/1/15 پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان مامۆستا محەممەد مەلا قادر، کۆچی دوایی کرد.

لە شاری کەرکووک کادیرێکی پارتی دیموکراتی کوردستان شەهیدکرا

بارەگای بارزانی: ئەم تاوانە لێخۆشبوونی نییە تا تاوانباران بە سزای خۆیان دەگەیەندرێن





بارەگای بارزانی پەیامێکی بەبۆنەی تیرۆرکردنی هەڤاڵ جەبار عارف ڕەشید، کادیری پارتی لە شاری کەرکووک بڵاوکردەوە، لە بەشێکی پەیامەکەدا هاتووە: دڵنیایی بە جەماوەری سەربەرزی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری کەرکووک دەدەین هیچ هەوڵ و تاوانێکی ترسنۆکانە نابێتە هۆی ساردبوونەوەمان لە ئامانجەکانمان، هەروەها بارەگای بارزانی ڕایگەیاندووە کە بە دواداچوونی جدی بۆ ئەو ڕووداوە تیرۆریستییە دەکەین و ئەم تاوانە لێخۆشبوونی نییە تا تاوانباران دەدۆزرێنەوە و بەسزای خۆیان دەگەیەنرێن.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

شەوی ڕابردوو لە هەولێری تیرۆریستیدا هەڤاڵ جەبار عارف ڕەشید بەرپرسی ڕێکخراوی موسەڵای پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری کەرکووک شەهیدکرا، سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی خانەوادە و کەسوکار و جەماوەری پارتی لەشاری کەرکووک دەکەین.

دڵنیایی بە جەماوەری سەربەرزی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری کەرکووک دەدەین هیچ هەوڵ و تاوانێکی ترسنۆکانە نابێتە هۆی ساردبوونەوەمان لە ئامانجەکانمان، بە دواداچوونی جدی بۆ ئەو ڕووداوە تیرۆریستیە دەکەین و ئەم تاوانە لێخۆشبوونی نییە تا تاوانباران دەدۆزرێنەوە و بەسزای خۆیان دەگەیەنرێن.

بارەگای بارزانی

16ی1ی 2019

سەفین دزەیی: سەرۆک بارزانی توانیوێتی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکان

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



دۆستێکی کورد خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی ئەمەریکا کاندید دەکات

تولسی گابەرد لە نێو کۆنگرێسدا دەنگێکی بەرزی یارمەتیدانی کورد بوو لە شەڕی داعشدا



دۆستێکی کورد لە کۆنگرێس ڕایگەیاندووە خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی ئەمەریکا لە 2020 بەربژێر دەکات، تولسی گابەرد، خانمێکی تەمەن 39 ساڵە و هەڵبژاردنی بە سەرۆک ڕووداوێکی دووجار میژوویی دەبێت: لاوترین سەرۆک و یەکەم سەرۆکی ژن لە ئەمەریکا. تولسی گابەرد لەنێو کۆنگرێسدا دەنگێکی بەرزی یارمەتیدانی کورد بوو لە کاتی شەڕی داعشدا لە مانگی 11ی ساڵی 2014 وەزیر دەخاتە ژێر لێپێچینەوە، کە بڕچی ڕاستەوخۆ چەک بە کورد نادات. ئەندامەکەی ئەنجوومەنی نوێنەران لە پارتی دیموکراتەکان ئەوکاتە گوتی: مەشق بە چەند فەوجی پێشمەرگە دەکەن، ئایا ڕاستەوخۆ چەکیان بۆ دابینەدەکەن، ئایا ئەو چەکانە لە ڕێگەی بەغداوە دەنێرن؟.

تولسی گابەرد ئەندامی پارتی دیموکراتەکانە و لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا لە جیاتی هیلاری کلینتۆن، پاڵپشتی بڕیاری ساندەرسی ڕکابەری دەکرد. تولسی شەش ساڵە ئەندامی کۆنگرێسی ئەمەریکایە. پێشتر، سەربازی ئەمەریکی بووە لە عێراق و ئەفغانستان. ئەو وەکو ئەندامی کۆنگرێس سەردانی باشووری کوردستانی کردووە و لەگەڵ سەرکردایەتیی کوردستان کۆبوونەتەوە.

ساشا تۆپەریچ، پسپۆڕی کاروباری کورد لە واشنتن لەبارەی تولسی دەڵێ پێموایە دەنگێکی گەورە دەبێت بۆ کوردستان لە ساڵی 2019و 2020دا. کە دێتە سەر کاندیدبوونی بۆ سەرۆک، هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم و پێموایە زۆر زووە بڵێین کێ چانسی زیاترە ببێتە کاندیدی سەرەکی پارتی دیموکراتەکان.

لە کاتێکدا خزمەتە سەربازییەکەی دەکرێت دەنگی زۆری بۆ کۆبکاتەوە، تولسی نەیاری زۆری بۆ خۆی لە ئەمەریکا دروستکردووە. لە دوای سەردانێکی نهێنییەوە بۆ لای بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا لە 2017 ئەو دژی ڕووخاندنی ئەسەدە و دەڵێت بەدیلی ئەسەد، ئۆپۆزسیۆنی سووریایە و بە تیرۆرستیان دادەنێت .

سەرچاوە: ڕووداو



سەربەست لەزگین: شاندی پارتی سەردانی کۆمەڵی ئیسلامی دەکات



سەفین دزەیی: سەرۆک بارزانی توانیوێتی رۆڵێکی بەرچاوی هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکان

هەولێر هەمیشە شوێنێک بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی عێراق

گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەفین دزەیی ئاماژەی بە هۆکاری سەردانی وەزیران و بەرپرسانی وڵاتانی جیاجیا کرد لە ماوەی مانگێکدا بۆ هەرێمی کوردستان لەپاش سەردانیان بۆ بەغدا و ڕایگەیاند هەرێمی کوردستان یاریکەرێکی بەهێزە لەو گەمە سیاسییەی کە لەناوچەکەدا ئەنجامدەدرێت، جگە لەوەی هەولێر هەمیشە شوێنێک بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی عێراق و ڕۆڵ و کەسایەتی سەرۆک بارزانی توانیوێتی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکان بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی دەستگیرکردن قەدەغەیە تەنیا لە دامودەزگا تایبەتەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ نەبێت وەک بنکەکانی پۆلیس و بنکەکانی گرتن و ڕاگواستن تەنانەت ئەو کەسانەی کە بە تۆمەتی تیرۆریش دەستگیر دەکرێن بەبێ بوونی بەڵگەی تەواو لەسەر ئەنجامدانی کاری تیرۆری یان هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی دەستگیر ناکرێن.



بەڕاستی هەموو لایەک مەترسی ئەوەیان هەیە کە دووبارە ئەگەر فەراغێک یا ناکۆکییەک لە نێوان هەولێر و بەغدا دروست بێت ئەگەری هەیە ببێتە ڕێگاخۆشکەر بۆ سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی داعش و یاخود غەیری داعشیش، لەبەر ئەوە هەموو شانەکان دڵخۆشی خۆیان دەربڕیوە بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا، ئێستا گفتوگۆ و هاتوچۆ لە نێوان هەولێر و بەغدا بووەتە شتێکی ئاسایی و وەک جاران نەماوە، جاران دەبووە مانشێتی هەواڵەکان هەر ئەمڕۆ شاندێکی وەزارەتی دارایی و پلاندان لە بەغدان بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی چەند پرسێک و بە بەردەوامی شاندی ئەمنی ئاڵوگۆڕ دەکرێت و هەوڵێش دەدرێت کەشوهەوایەک دروست بکرێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو مەلەفانەی کە پێشتر دەستی بۆ دراوە نەکرابوون. سەبارەت بە کۆبوونەوەی ئەو شاندانەش لەگەڵ سەرۆک بارزانی، سەفین دزەیی لە میانەی گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا گوتی: خۆی کەسایەتییەکە وەک مەرجەعی چارەسەرکردنی کێشەکان لێی دەڕوانرێت، نەک تەنها لە ناوخۆی هەرێم، بەڵکو لە عێراقیش. گوتەبێژی فەرمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەشی گوتووە لە ئەنجامی هەوڵەسەرکەوتووە دیپلۆماسییەکانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەناوچەکەدا هەن گۆڕانکاری لە دۆخەکەشدا ڕوو دەدات، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە جێگە و پێگەی هەرێمی کوردستان جێگای بایەخی ئەو وڵاتانەیە و هەرێمی کوردستان یاریکەرێکی بەهێزە لەو گەمە سیاسییەی کە لەناوچەکەدا ئەنجام دەدرێت، جگە لەوەی هەولێر هەمیشە شوێنێک بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی عێراق و ڕۆڵ و کەسایەتی سەرۆک بارزانی توانیوێتی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکان، یاخود ڕاگرتنی هاوکێشەکان.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئەم سەردانانە تاچەند پەیوەندییان بە بواری وزە و ئابووریەوە هەیە، سەفین دزەیی گوتی: بەڵێ وزە بەشێکە لە پەرەپێدانی ئەو پەیوەندییانە، بەڵام هەروەک دەزانرێت عێراق و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەناوچەکەدا هەن گۆڕانکاری لە دۆخەکەشدا ڕوو دەدات، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە جێگە و پێگەی هەرێمی کوردستان جێگای بایەخی ئەو وڵاتانەیە و هەرێمی کوردستان یاریکەرێکی بەهێزە لەو گەمە سیاسییەی کە لەناوچەکەدا ئەنجام دەدرێت، جگە لەوەی هەولێر هەمیشە شوێنێک بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی عێراق و ڕۆڵ و کەسایەتی سەرۆک بارزانی توانیوێتی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکان، یاخود ڕاگرتنی هاوکێشەکان.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئەم سەردانانە تاچەند پەیوەندییان بە بواری وزە و ئابووریەوە هەیە، سەفین دزەیی گوتی: بەڵێ وزە بەشێکە لە پەرەپێدانی ئەو پەیوەندییانە، بەڵام هەروەک دەزانرێت عێراق هاتووچۆ لە نێوان هەولێر و بەغدا بووەتە شتێکی ئاسایی و وەک جاران نەماوە، جاران دەبووە مانشێتی هەواڵەکان، بەردەوام لە چەند سەرچاوەیەکی نێودەوڵەتی و ناوخۆییەوە تۆمەتی مامەڵەی نەشیاو لەگەڵ دەستگیرکراوان دەخرێتە پاڵ دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک هێشتنەوەی ڕاگیراوان بۆ ماوەیەکی زۆر بێ ئەوەی دادگایی بکرێن و کەیسەکانیان یەکلا بکرێتەوە.

د.دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەم پرسە ڕایگەیاند: بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی دەستگیرکردن قەدەغەیە تەنیا لە دامودەزگا تایبەتەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ نەبێت وەک بنکەکانی پۆلیس و بنکەکانی گرتن و ڕاگواستن تەنانەت ئەو کەسانەی کە بە تۆمەتی تیرۆریش دەستگیر دەکرێن بەبێ بوونی بەڵگەی تەواو لەسەر ئەنجامدانی کاری تیرۆری یان هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی دەستگیر ناکرێن.

سەبارەت بە ڕێوشوێنەکانی دەستگیرکردنی تۆمەتباران و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەناوچەکەدا هەن گۆڕانکاری لە دۆخەکەشدا ڕوو دەدات، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە جێگە و پێگەی هەرێمی کوردستان جێگای بایەخی ئەو وڵاتانەیە و هەرێمی کوردستان یاریکەرێکی بەهێزە لەو گەمە سیاسییەی کە لەناوچەکەدا ئەنجام دەدرێت، جگە لەوەی هەولێر هەمیشە شوێنێک بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی عێراق و ڕۆڵ و کەسایەتی سەرۆک بارزانی توانیوێتی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکان، یاخود ڕاگرتنی هاوکێشەکان.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئەم سەردانانە تاچەند پەیوەندییان بە بواری وزە و ئابووریەوە هەیە، سەفین دزەیی گوتی: بەڵێ وزە بەشێکە لە پەرەپێدانی ئەو پەیوەندییانە، بەڵام سەبارەت بە ڕێکارەکان بڕیتییە لە سەلماندنی کەسایەتی داواکراو و گومانلێکراو و دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەیەکی بنەڕەتی، دوای گەیشتن بە ڕاستی داوایەکە تۆمەتبارەکە وەک مافێکی خۆی بۆی هەیە پارێزەرێک ئامادە بکات و ئەگەر نەیتوانی پارێزەر ئامادە بکات ئەوا لەسەر دادگا پێویستە پارێزەری بۆ دابین بکات و ئاگاداری کەسوکاری دەکرێت کە ناوبراو گیراوە لە بنکەی پۆلیس، دواتر کەیسەکە ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت بۆ یەکلایی کردنەوەی بەپێی یاسا.

لە بارەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە تەندروستییەکانیش زێباری گوتی: بەندکراوەکان لە کاتی پێویستدا ڕەوانەی نەخۆشخانەکان دەکرێن و ئەو ڕاگیراوانەش کە نەخۆشی دڕێژخایەنیان هەیە لە لایەن بەشەکانی گرتن و گواستنەوە ڕەچاوی باری تەندروستییان کراوە. گوتیشی: دەزگای داواکاری گشتی لە چوارچێوەی یاسادا چاودێری ڕەوشی ڕاگیراوان بە گشتی دەکات و بەتایبەتی لە چاکسازی و بەندیخانەکانی هەرێمی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستەش ئەندامانی داواکاری گشتی لە چاکسازی و بەندیخانەکان هەن و هەفتانە ڕاپۆرتی تایبەت بە ڕەوشی ڕاگیراوان لە بەندیخانەکان پێشکەش بە لایەنی پەیوەندیدار دەکەن.

لە کۆتایی لێدوانەکەیدا دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان گوتی: لە شەش مانگی کۆتایی ساڵی 2018ژمارەی ئەوانەی بە تۆمەتی پەیوەندی بە داعش گەیشتە 1536لەوانە 1502پیاو، 34ئافرەت، ئەم دەستگیرکراوانەش هەمان مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە و وەک هەر گیراوێکی ئاسایی هەمو مافێکیان هەیە. بەتایبەتی لە ڕووی یەکلاکردنەوەی کەیسەکانیان بۆ نموونە وەک: سەردانی کردن لە لایەن کەسوکاریان، ئەوانەی کەسوکاریان دیار نەبێت ڕێکخراوی (UNHCR) بەوداچوون بۆ خێزانەکانیان دەکەن بۆ دۆزینەوەیان.



پەرلەمانتارێکی پارتی: پێش نەورۆز کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێک دەهێندرێت

ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کرد کە پێش هاتنی جەژنی نەورۆز، کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێک دەهێندرێت.

سەروان هەرکی، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، بە ئاژانسی باسنیوزی ڕاگەیاندووە پێکهێنانی حکوومەت کاتێکی زۆری نەماوە و دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکانی پارتی لەگەڵ لایەنەکان، سەرۆکایەتیی پەرلەمان پێکدەهێندرێت . ئەوەشی ئاشکرا کردووە کە پێش جەژنی نەورۆز، کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی تەواوەتی و بەشداریکردنی زۆربەی لایەنەکان پێک دەهێندرێت. ئەو پەرلەمانتارەی پارتی نەیشاردەوە کە پارتی هەرچەندە لە ڕووی زۆرینە و کەمینەی پەرلەمانییەوە دەتوانێت کابەکان ڕێکبخات، بەڵام بەپێی ئەو سیستەمە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا ناکات، پێشتریش لە کاتی پێکهێنانی هەموو کابینەکاندا پارتی خۆی و کورسییەکانی خۆی کردووەتە قوربانیی دۆخی کوردستان.

دیندار زێباری: بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ دەستگیرکراوان کراوە بەتایبەتی لە یەکلاکردنەوەی کەیسەکانیان



سەربەست لەزگین: شاندی پارتی سەردانی کۆمەڵی ئیسلامی دەکات

شاندی دانوستانکاری پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ، سەردانی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان دەکات و بەرپرسێکی پارتیش ڕەتیدەکاتەوە کە پارتی هێڵی سووری لەسەر هیچ لایەنێک هەبێت.

سەربەست لەزگین، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕووداوی ڕاگەیاندووە: شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پێکهێنانی حکومەت سەردانی کۆمەڵی ئیسلامی دەکات، بەڵام کاتی سەردانەکە دیاری نەکراوە.

سەربەست لەزگین، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی جەختیش لەوە دەکاتەوە کە پارتی هێڵی سووری لەسەر بەشداری هیچ لایەنێکی سیاسی کوردستان نییە، لەبارەی ئەوەش پێیان باشە کۆمەڵ بەشداری حکوومەت بکات، سەربەست لەزگین گوتوبەتی: ئەوە دەکەوێتە سەر ڕێککەوتن و تاوەکو ئێستا هیچ ڕوون نییە.

بۆ بەشداری لایەنە سیاسییەکان لە حکوومەتی داهاتوو، پارتی دیموکراتی کوردستان وەک براوەی یەکەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە خاوەنی 45کورسییە، چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان ئەنجامداوە، بەڵام هێشتا هیچ کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی ئەنجام نەداوە. کۆمەڵی ئیسلامی لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان خاوەنی حەوت کورسییە.

مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی پەیامێکی پرسە و سەرەخۆشی ئاڕاستەی پارتی دەکات

مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا محەمەد مەلا قادر، پەیامێکی پرسە و سەرەخۆشی ئاڕاستەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەحموود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی کرد و لە بەشێکی پەیامەکەی یەکێتی هاتووە: کۆچکردوو محەمەد مەلا قادر بەشی زۆر تەمەنی وەکو تێکۆشەرێکی پارتی بۆ ڕزگاری و سەرفرازی گەلی کوردستان تەرخانکرد.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی بەڕێز محمدی ملا قادر ئەندامی پێشوی م.س و تێکۆشەرێکی دێرینی پارتی دیموکراتی کوردستانمان پێ گەیشت. کۆچکردوو محمدی ملا قادر بەشی زۆری تەمەنی وەکو تێکۆشەرێکی پارتی بۆ ڕزگاری و سەرفرازی گەلی کوردستان تەرخان کرد. بەناوی هەڤاڵانی م.س یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە پرسەو سەرەخۆشیتان ئاراستە دەکەین و هاوخەمی خۆمان بە ئێوەی بەڕێز ڕادەگەیەنین ئومێدەوارین ئەمە کۆتا ناخۆشیتان بێت و ڕوحی کۆچکردویش بۆ هەمیشە شاد بێت.

انا لله وانا اليه راجعون

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

15/01/2019

yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئیم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/1/17 ژمارە (5674)
خەبات

پەرلەمانی بەریتانیا ڕێککەوتنی بڕێکسیتی ڕەتکردەوە

تائێستا بەهۆی سیاسەتەکانی تێریزا مای زیاتر لە 10وەزیر دەستیانلەکارکێشاوەتەوە



پەرلەمانتاران رایگەیاند، باشترین ئەنجامی ڕەتکردنەوەی ئەم ڕێککەوتنە ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەبێت. سیاسەتەکانی تێریزا مای لەبارەی بڕێکسیتەوە، تا ئێستا دەستەلەکارکێشانەوەی زیاتر لە 10وەزیری لێکەوتووەتەوە. پەرلەمانی بەریتانیا لە ڕیگەی دوو بڕیارەوە کە هەفتەی پێشوو دەریکردبوون، ئەو بوودجەیەی سنووردارکردبوو کە حکوومەت بۆ بڕێگەسیتی بێ ڕێککەوتنی تەرخانکردبوو، هەروەها ئەو ماوەیەی بۆ سێ ڕۆژ دابەزاندبوو کە تێریزا مای دەتوانێت بە مەبەستی سازشی نوێ لە دانوستانەکاندا لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپادا سەبارەت بە بڕێگسیت ئەنجامیدابوو، بۆ پرۆسەیەکی خستبوویەوە ژێر دەستی خۆی. مانگی ڕابردوو لە چرکە ساتەکانی کۆتاییدا، دەنگدان لەسەر ئەو ڕێککەوتنەی حکوومەتی بەریتانیا لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپادا سەبارەت بە بڕێگسیت ئەنجامیدابوو، بۆ ماوەی مانگێک دواخرابوو. دواجار پەرلەمانی بەریتانیا پرۆژەی سیاسییەکەی تێریزا مای بە زۆرینەی دەنگ ڕەتکردەوە و ئەمەش ئاڕاستەی گفتوگۆکانی بەلایەکی تردا دەبات و ئەوا ژمارەیەک ئەگەریش دێنە بەرباس لە بەریتانیا کە هەریەک لە هەڵبژاردنی پێشوەخت و ئەنجامدانی ریفراندۆمێکی نوێ لە خۆدەگرن. بەریتانیا لە ریفراندۆمێکدا کە ڕۆژی 23ی حوزەیرانی 2016 ئەنجامیدابوو، بڕیاری جێهێشتنی یەکێتیی ئەورووپای دابوو.

لە دەنگدانێکدا لە پەرلەمانی بەریتانیا، ڕێککەوتنی بڕێکسیت کە سەرۆکوەزیرانی بەرتیانیا تێریزا مای و یەکێتی ئەورووپا پێی گەیشتبوون لەسەر دەرچوون، بە ٢٠٢ دەنگی بەڵێ بەرامبەر ٤٣٢ دەنگی نەخێر ڕەتکرایەوە.

ڕێککەوتنی بڕێکسیت کە سەرۆکوەزیرانی بەرتیانیا تێریزا مای و یەکێتی ئەورووپا پێی گەیشتبوون لەسەر دەرچوون، لە دەنگدانێکی پەرلەمانی بەریتانیادا ڕەتکرایەوە. دوای ئەنجامی دەنگدانەکە، سەرۆکوەزیران هەڵسەنگاندنی کرد و ئامانجی بەوەدا کە ئەگەر بێتو ئۆپۆزسیۆن داوای لێپرسینەوەی پەرلەمانی بکات ئەوا گفتوگۆی لەسەر دەکەین. پێش دەنگدانەکەش سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا تێریزا مای ڕایگەیاندبوو، دەنگدان لە دژ ڕێککەوتنەکە هیچ شتێکی تر نییە جگە لە ناڕیاریی و دابەشبوون و جیابوونەوەی بێ ڕێککەوتن.

پێش پرۆسەی دەنگدان، سەرۆکی پارتی کرێکارانی ئۆپۆزسیۆنی سەرەکی جێرمی کۆربین لە گوتەیەکیدا بۆ

سکرتێری پارتە سیاسییەکانی ئاسیا ڕۆڵی سەرۆک بارزانی بەرز دەنرخێنێت

شاندێکی پارتی، بەشداری لە یەکەمین کۆنفرانسی دامەزراندنی ئەنجومەنی کولتووریی ئاسیادا کرد، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوەکەش، بە بایەخەوە باسی لە ڕۆڵی پارتی و سەرۆک بارزانی کرد لە بەرقەرارکردنی ئاشتی و سەقامگیری و پێشکەوتنەکانی کوردستاندا.

بە بانگهێشتی فەرمیی دەوڵەتی کەمبۆدیا و ڕێکخراوی پارتە سیاسییەکانی ئاسیا، شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری لە دامەزراندنی ئەنجومەنی کولتووری وڵاتانی ئاسیادا کرد.

ڕۆژی 15-1-2019لە فنۆم پێنای پایتەختی کەمبۆدیا و بە ئامادەبوونی سەرۆکوەزیرانی کەمبۆدیا و جێگری سەرۆکوەزیرانی ئیندۆنووسیا و دەیان کەسایەتیی سیاسیی حکوومی و حزبیی ئاسیا و میوانی ئەورووپایی و ئەمەریکایی، یەکەمین کۆنفرانسی کولتووریی ئاسیا دەمەزرا و شاندی پارتی دیموکراتی کوردستانیش، کە عەبدولسەلام عەبدوڵلا، ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە سەرۆکایەتیی دەکرد، بەشداری کرد و گوتەیەکی تێدا خوێندەوە، کە باسی کولتووری دەوڵەمەند و لێبوردەیی کوردستانی بۆ ئامادەبووان کرد.

بەگوێرەی مالپەڕی پارتی، عەبدولسەلام عەبدوڵلا، لە گوتارەکەیدا باسی لە پێکەوەژیانی ئاشتانەی ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبی کرد لە کوردستان و ئاماژەی بە کولتووری لێبوردەیی گەلی کوردستان کرد، کە چۆن لە لایەن حکوومەتە دیکتاتۆرەکانەوە چەوسێندراوەتەوە، بەڵام هیچ کات پەنای بۆ تۆڵەسەندنەوە و کاری تیرۆریستی نەبردووە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە هاوکاریی پێشکەش کردوون. عەبدوڵلا، نمونەیشی بە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری 1991هێنایەوە کە سوپای عێراق سێ ساڵ پێش ئەو ڕووداوە میتۆوویە، 180هەزاری لە خەڵکی مەدەنیی کوردستان ئەنفال کرد و هەزاران گوندیان خاپوور کرد، بەڵام کاتێک ئەو سوپایە تێک شکا و هەزارانیان بە دیلگیران، بە ڕێزەوە بەرێ کرانەوە بو لای خێزانەکانیان، دواترین نمونەیش حەوانەوەی زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارەوەیە، کە لە پێکهاتە ئایینی و نەتەوە جیاوازەکانی عێراق بە هۆی تونددوتیژیی گرووپە تونددڕۆکان و هەڕەشەی تیرۆریستانی داعشەوە، پەنایان بۆ هەرێم هێنا.

جێگای ئاماژەیە، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی پارتە سیاسییەکانی ئاسیا، بە بایەخەوە باسی لە ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەنابی سەرۆک بارزانی کرد لە بەدەستهێنانی ئاشتی و سەقامگیری و پێشەکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها کوردستانیشی بە نمونەی گەلێکی لێبوورد و خاوەن بەهایەکی بەرزی مرۆڤایەتی ناوزەد کرد، هیوای بەردەوامییشی لە پێشکەوتن و سەقامگیری و گەیشتن بە ئامانجەکانیان، بو گەلی کوردستان خواست.

دۆخی عێراق لە کۆنترۆڵ دەردەچێ و ئەگەری بە یەکدادانی گرووپەکانیش لە ئارادایە



نێوان ڕەوتی حیکمە و عەسائیبی ئەهلی هەق تا دێت گرژتر دەبێت و ئەگەری ئەوە هەیە، شەڕی میدیاکانیان بۆ سەر شەقام بڕوا و شەڕی چەکداریی لێ بکەوێتەوە. چاودێرانی سیاسییش پێیان وایە، لە ئەگەری بەیەکدادانی گرووپەکانی حەشدی شەعبی، دۆخی عێراق لە کۆنترۆڵ دەردەچێت. ماوەیەکە لایەنە شیعەکان و گرووپەکانی حەشدی شەعبی، بەتایبەتی ڕەوتی حیکمەی عەمار حەکیم و عەسائیبی ئەهلی حەق، لە میدیاکانیانەوە هێرشی توند دەکەنە سەر یەکتری و هەر یەکەیان بەرامبەرەکەی بە مەلەفی گەندەڵی و ئەجێندای دەرەکی تۆمەتبار دەکات، لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا لە پێکدادانی چەکداری نزیک بوونەتەوە. بەپێی سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان، پێشبینی دەکرێت ئەو شەڕە میدیاییە گرژتر بێت و بگوازرێتەوە بۆ شەقام و دواتر شەڕی خوێناویی چەکداریی لێ بکەوێتەوە.

لەمبارەیەوە، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کۆبوونەوەیەکی فراوان لەنێوان سەرکردەکانی حەشدی شەعبی، هەر یەک لە هادی عامری، هوشام حەمودی و ئەبو مەهدی موهەندیس و شێخ سامی سعوودی و ئەحمەد ئەسەدی و ئەبو جیهاد هاشمی، لە شوێنی کاری قەیس خەزعەلی بەڕێوە چووە، دوای کۆبوونەوەکە، ئەو سەرکردانەی شیعە و حەشدی شەعبی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانیانەوە، داوایان کردووە ئەو هێرشە میدیاییانەی سەریان ڕابگیرێت، کە تیایدا ئەوان و هەندێ لە گرووپەکانی ناو حەشدی شەعبی کراونەتە ئامانج، هۆشداریشان داوە لەوەی، خۆپیشاندانەکان لە شەقامی عێراقی دۆخەکە بەرەو ئالۆزتر بەرن.

هاوکات بەپێی زانیارییەکان، لە زۆر لە شارەکانی عێراق، هێزەکانی حەشدی شەعبی لە ئامادەباشیدان و درک بە جموجۆڵی هێزە ئەمەریکییەکانیش دەکرێت، بەڵام ئامانجی جووڵەی هێزە ئەمەریکییەکان لەلای چاودێرانی سیاسی ڕوون نییە، کە بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکەیە، یان ئامادەکارییە بۆ هەر ئەگەرێ ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ ئەو هێزانەی حەشدی شەعبی، کە ئەمەریکا بەشێکیان بە نزیک لە ئێران و دوژمن بە خۆی دەزانێت، ئەوانیش بەتایبەتی عەسائیبی ئەهلی حەق، هەڕەشەی دوورخستنەوەی ئەمەریکاییان لەناو خاکی عێراقدا کردووە.


د. سەباح سوبحی: دیپلۆماسییەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتنی زۆری بەدەستهێناوە



د.سەباح سوبحی،پسپۆڕی زانستە سیاسییەکان دەڵێت، دیپلۆماسییەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتنی زۆری بەدەستهێناوە و ڕۆژ بە ڕۆژ توانا دیپلۆماسییەکەی فراوانتر دەبێت.

هەرێمی کوردستان بووەتە دەروازەی بەرپرسانی وڵاتان و لە دوای ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی بەرچاو توانای دیپلۆماسیی هەرێم زیادی کردووە. لە ماوەی یەک هەفتەدا هەریەک لە وەزیرانی دەرەوەی ئەمەریکا و فەرەنسا و ئێران سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە.

پێوەست بە پێگە دیپلۆماسییەکەی هەرێم، د. سەباح سوبحی، پسپۆڕی زانستە سیاسییەکان و مامۆستای زانکۆ بە مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: دیپلۆماسییەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتنی زۆری بەدەستهێناوە و ڕۆژ بە ڕۆژ توانا دیپلۆماسییەکەی فراوانتر دەبێت. ئێستا هەولێر بووەتە چەقی یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی ناوچەکە، بۆیە بەرپرسانی باڵای وڵاتانی ناوچەکە و زلهێزان ڕوو دەکەنە هەولێر. چونکە بەبێ گفتوگۆکردن لەگەڵ نوخبە سیاسییەکانی هەرێم ناتوانن بەرنامە سیاسییەکانیان لە ناوچەکە سەربکەوێت. د.سەباح سوبحی ڕونیشیکردەوە: هەرێمی کوردستا بووەتە میحوەری ئاشتی و ململانێ سیاسییەکان لە ناوچەکەدا، چونکە ناوچەکە لە داڕشتنەوە و گۆڕانکاریی گەوردایە و هەرێم بووەتە ناوەندێکی بەهێزی سیاسی لەم نێوەندەدا، وڵاتانی زلهێز و خاوەن پێگەی سیاسی لە هەولێ بەهێزکردنی پەیوەندیەکانیاندان لەگەڵ هەرێم.



سەباح بەیتوللا

پارتی پێشەنگا گەلێ کوردستانێ یە

ب دامەزراندنا پارتی دیموکراتی کوردستان قوناغەکا نوی و دیرۆکەکا نوی بۆ گەلێ کورد و کوردستانیان ڤەبوو ، دیسان شیا وێ ڤالاهیێ پڕ بکەت کو گەلێ کوردستانێ ل ئالیێ سیاسی تێکەفت ببوو وئەو پەرت و بەلاڤیا هێزێت شۆڕشگێر کوم بکەت و ئێککرێزیا جەماوری و تەخێت مللەتی بێخیتە سەر ئێک .

دامەزراندنا پارتی دیموکراتی کوردستان مرۆڤێ کورد کەفتە سەر ڕێ یەکا راست و دروست و ئەڤە ژی پشتی وێ بێ هیڤی و نائومێدیا ب سەر مللەتێ کورددا هاتی و ئالایێ خەبات و بەرخودان وخوراگریێ بلند کرڤە و ناسناما کوردی بپارێزیت . بێگومان دامەزراندنا پارتی دیموکراتی کوردستان وەرچەرخانەک بو ل دیرۆکا نەتەوەیەکێ چونکی ئێکەم حزبا جەماوری و سەرتاسەری یا کوردستانێ بوو کو هیڤی و داخازا میژوویا نەتەوا کورد بوو وهەردەم ژی یا ب ئارمانجاڤە گرێدایە نەک ب مەرجاڤە.

ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان ب ئارمانجاڤە یا گرێدایی نەبا تڤیا شورشا ئیلونا مەزن هەلنەگیرساندنا چونکە ((11سال بوو بارزانی و هەڤالێت خۆ ل ئێکەتیا سوڤیەتا بەرێ بون و ئەگەر پارتی ب ئارمانجاڤە یا گرێدایی نەبا پشتی نەکسا سالا ((1975ێ دەست ب شورەشێ نەکرباڤە و ل پشتی کریارێن بەدناڤێن ئەنفالا بەردەوامی ب خەبات و تێکوشین و بەرخودانێ نەدابا.

گرنگترین ستراتیژیەتا پارتی ل خەباتا خۆدا ل چیایی و ل باژێری مسوگەرکرنا کیانەکێ یە بۆ گەلێ کوردستانێ کو ئەڤە هیڤی و ئومێد و داخازیا هەر تاکە کوردەکێ دلسوزو نەتەوەپەرست و وەلاتپارێزە. بێگومان پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هەر قوناغەکا خەبات و بەرخودانێ درویشمەک هەلگرتی یە کو بکاریت هەلبگریت و جێ بەجێ بکەت و لەوا خودانا ((13کونگرایە و بۆ هەر قوناغەکێ پەیرەوپروگرامەک دانایە کێ بگونجیێت دگەل واقعێ وێ قوناغا خەبات و بەرخودانێ .

چ پێنەڤێت کو پارتی خودانا بریارا خوبە و بریارێ ل چ لایەن وکەسان وەرناگریت ژبەر ڤێ چەندێ حسابەکا مەزن بۆ ردەئیا وێ دهێتە کرن ، دیسان سەنگا معادلا سیاسی یە ل دەڤەرێ و بێ ردەئیا وێ چ بریارەک ناهێتە جێ بەجێ کرن و ئەڤە ژی مەزناهیا پارتی دیموکراتی کوردستان دسەلمینیت . بێ شک پارتی بۆ هەر قوناغەکێ خو نوی دکەتەڤە و قوتابخانا مەزنا بەلاڤکرنا هەستا نەتەوەیی و نیشتیمانی و وەلاتپارێزی یە و شیایی یە هەستا نەتەوی بکەتە تێگەهێ جڤاکی ل سەر تاسەرێ کوردستانێ ، لەوما جەماوریێ کوردستانێ خۆ پێڤە گرێدایە و ل هەلبژارتنێت ڤێ دویاهیێ بێت عیراقێ و کوردستانێ پارتی بۆ حزبا ژمارە ئێک و سەرەرای وان ئاستەنگێت بۆ دهاتنە داڕێشتن ل هندەک دەڤەرێن کوردستانێ .

پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو سەرفیرازیا مەزن ودیروکی ژی بەرکەفت کو ئەو ژی پرسا ریفراندومێ سەرئێخست و ((93% کوردستانێ گووتێ بەلێ بۆ پەیاما سەرخوبونا کورد و کوردستانێ کو ئەندازیارێ وێ هێژا سەرۆک بارزانی بوو. ئەو بابەت گەلەک دزورن کو پارتی فەلسەفەیەکا روهن و ئاشکرا و زەلالی بۆ هەبیت وەکی چارەسەرکرنا کێشێت نەتەوەیی و هەرێما کوردستانێ و فیدرالیەت و پێنگاڤ هاڤێتن بەرەڤ سەرخوبونێ کو ب سەدان سالە خەبات و فیداکاری و بەرخودان و قوربانیدان ژێرا هاتیە کرن و دان .

هزرا نەتەوەیی ئەو هزرا هەستیارە کو دگەل بوونا مروڤێ کورددا دژیت و حەتا بۆ چرکەیەکێ ژی نەشێت لێ دویر ببیت ، مە کوردا ژی پێدڤی بڤێ هەستا نەتەوەیی هەیە چونکی ئەم ژی نەتەوەینە مینا هەر نەتەوەیەکێ دی لسەر ڤێ گەردونێ ، پارتی دیموکراتی کوردستان لڤان ((72سالا دا هزرا نەتەوەیی دنێڤ مللەتێ کورددا بەلاڤکری یە و خەبات و بەرخودان و تێکوشین کری یە دا مرۆڤێ کورد و کوردستانی کەرامەتا خو ل دەست نەدەت چونکی ئەگەر کەرامەت ل دەست دا چ نامینیت کو ل دەست بدەت ، لەوما ئەڤ شانازیا مەزن بۆ پارتی دزڤرێتەڤە .

چ پێنەڤێت پارتی ئەو قوتابخانا مەزنا کوردایەتیێ یە ئەوا ئەم فێرکرین چەوا ل سەر ئاخا خۆ بژین و مە ئاخا خۆ خۆش بڤێت و چەوا بەرەڤانییێ لێ بکەین ، چونکی کارەساتا مەزن ئەوە خۆش ڤیانا وەلاتی ل دلێ مرۆڤی دا دەربکەڤیت .دیسان پارتی دیموکراتی کوردستان هەمی دەما باوەری ب دیموکراسیەتێ هەبوویە و هەر ل رۆژا دامەزراندنا خودا ل رۆژا 16/8/1946ێ و ناڤێ وێ پارتی دیموکراتی کورد و پاشان ل کونگرێ ((3ێ بو پارتی دیموکراتی کوردستان ، ئەڤە ژی بەلگەها هندێ یە کو پارتی باوەری ب دیموکراسیێ هەبوویە و هەیە چونکی ل دیموکراسیێ و تەناهیێ نەڤیەکێ پێ دگەهینیت ، لەوا دفەرهەنگا پارتی دا دیموکراسی یا خوجهە و ب کریار باوەری پێ هەیە بەروڤازیا خەلکێ دیتر کو ب تنێ ب زمان باوەری ب دیموکراسیێ هەیە .

پارتی دیموکراتی کوردستان ل 16/8/1946ێ دروست بوو راستە ل بەراهیێ ئاستەنگ هەبوون ل پێشیا وێ ، بەلێ خوراگریا وێ و فیداکاری و قوربانییێت وێ تەحمولا هەمی نەخوشیان کر لێ بەرەڤ گوپیتکێن سەرفیرازیێ پێنگاڤ هاڤێتن و دهاڤێژیت . لدیاهیێ دێ بێژم مەزنترین دەسکەفتێ مەزن و دیروکی یی پارتی دیموکراتی کوردستان و دسەد سالیێت خەباتێ دا و وەرگرتنا ئەنجاما دویاهیا سەرکەفتنا ریفراندومێ بوو سەرەرای هەمی پیلان و ئاستەنگا ، بەلێ بۆ ریفراندومێ و دەولەت بوونێ و سەرخوبونێ دوو کەرەستە پێویستن :

1- سەرۆک و رێبەر ەکێ قەهرمان و خوراگر و شارەزا و سیاسەتمەدار و فیداکار و چاڤ نەترس ئەو ژی ب بەلگەھ خویا و ئاشکرا بوو کو هێژا سەرۆک مەسعود بارزانی بوو .

2- مللەتەکێ خوراگر و بهێز فرەھ .

د سەرفیرازین کو بناغێ دەولەتا کوردستانێ ل سەرکەفتنا ریفراندومێ هاتە دانان و ئەندازیار و نەخشەکێشێ وێ ژی جەنابێ سەرۆک مەسعود بارزانی بوو کو جهێ شانازیا هەمی نەتەوا کورەد و ئەڤرۆ جەنابێ سەرۆک مەسعود بارزانی بوویە مەرجەع و پشتەڤان و ئومێد بۆ هەمی نەتەوا کورد ...

محەمەد مەلا قادر کێ بوو؟



حامید گەوهەری

محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد ناسراو بە محەمەدی مەلا قادر، یان مەلا محەمەدی مەلا قادر، ڕۆژی ١٥/١/ ٢٠١٩ بە هۆی نەخۆشییەوە لە پیرمام بۆ هەمیشە مالئاوایی لە بنەماڵە، دۆستان و هەڤاڵانی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد. بەم بۆنەیەوە پڕ بە دڵ سەرەخۆشی لە بنەماڵە، دۆستان، سەرۆک مەسعود بارزانی و هەڤاڵانی لە پارتی دیموکراتی کوردستان دا دەکەم.

محەمەدی مەلا قادر، ساڵی ١٩٣٤ لە گوندی (بیرە کەپران)، لە ناحیەی گوێڕی قەزای مەخمور سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایک بووە. لە حوجرەی فەقێیان و لە لای مامۆستا عەبدولقادر ئەحمەدی باوکی، مامۆستا ساڵحی کۆزە پانکە و مامۆستا ئەبوبەکری کۆیە خوێندویەتی و بە پلەی مەلایەتی گەیشتووە. دواتر لە هەولێر بەشداریی تاقیکردنەوەیەکی کردووە کە بیێتە مامۆستای خوێندنگە کە بە پلەیەکی باش قبوڵ بووە. بۆ ماوەی ساڵێک لە کەرکوک خولی مامۆستایەتی بینیوە و بە مامۆستای وانەی عەرەبی و دینی دامەزراوە و بۆ ماوەی چوار ساڵ لە گوندی دووگردکان لە خواروی قوشتەپە مامۆستایەتی کردووە. لە پەنجاکاندا دۆستی حزبی شیوعی عێراق بووە و ساڵی ١٩٥٦ لە حزبی شیوعی دوور کەوتووەتەوە و چووتە ڕیزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە و لەو ڕێکخراوەدا لەگەڵ چەند کەسی تر یەکێتیی قوتابیانی ئایینی دامەزراندووە. محەمەد ئیسماعیل سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بۆ دڕێژەدان بە خوێندن چووەتە قاهیرە و مەلا محەمەد وەک خۆی دەڵێت بەرپرسایەتی یەکێتیی قوتابیانی ئایینی لە کوردستان دا لە ئەستۆ گرتووە. ساڵی ١٩٥٨ کە هەمزە عەبدوڵا سکرتێری پارتی دیموکراتی کورد بوو، لە پارتی دیموکراتیدا وەرگیراوە. کاتی گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت، لەگەڵ وەفدێکی ١٢ کەسایەتی لە هەولێر، سلێمان، کەرکووک، دهۆک و شارەکانی تر، سەردانی بارزانی کردووە و لەم بارەیەوە دەڵێت: بارزانی پێی گوتین ئەگەر گەنجی وەک ئێوە بێن سیاسەت بکەن، کورد ڕزگار دەبێت.

محەمەدی مەلا قادر لە کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتدا ئەندامی دەستەی ئامادەکاری کۆنگرە بووە و لەو کۆنگرەیەدا کە ڕۆژی ١/٧/ ١٩٦٤ لە قەڵادزێ پێکهات، بە ئەندامی دەستەی چاودێر و پشکنینی پارتی هەڵبژێردراوە. تا کۆتایی ساڵی ١٩٦٥ ئەندامی کارگێڕی لقی دووی پارتی بووە و لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٦دا گواستراوەتەوە بۆ لقی سێی پارتی و ئەندامی کارگێڕی ئەو لقە و بەرپرسی ناوچەی کفری بووە. ساڵی ١٩٦٧ سەرلەنوێ گواستراوەتەوە بۆ لقی دووی پارتی کە مەجید ئەتروشی بەرپرسی لق بووە. ناوبراو دەربارەی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری سەفین و دانانی خوێندنگە لە سنوری لقی دووەدا دەڵێت: گۆڤارێکمان هەبوو بە ناوی (سەفین) کە من سەرنوسەری بووم. کاک مەجید ئەتروشی، سمکۆ بارزانی، بارزانی مەلا خالیدی، بیلال عەزیز و عەلی هەژار وتاریان بۆ دەنووسی و منیش ئامادەم دەکرد. سەفین مانگانە بوو و تا ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، ٣٠ ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە. جارێک بۆ کاری حزبی چووم بۆ سنووری لقی عەرەب عوسمان کە بنکەکەیان لە (پیرەر) سەربە ناحیەی دێگەڵە بوو. لەوێوە چووم سەردانی ئەوانیشم کرد. بینیم کاک بارزانی مەلا خالیدی ژمارەیەکی مندااڵ لەبن کەپرێک کۆکردووەتەوە کە فێری خوێندنیان بکات. من لەگەڵیان کۆبوومەوە و چونکە پێشتر مامۆستا بووم و بۆ ماوەی ساڵێک خولی مامۆستایەتیم بینیبوو، فێرم کردن چۆن دەرسیان پێبڵێن و خوێندکارەکانیش چۆن دەرس بخوێنن و داوام کرد بنێرن لە شارەکان کتێبی خوێندن بێنن. لەوێوە فیکرێکم بۆ دروست بوو. دوای گەڕانەوەم بۆ لق، شەوێک لەگەڵ کاک مەجید دانیشتبووین، گوتم کاک مەجید شتێکم لە مێشکدایە گوتی فەرموو. گوتم: بۆچی ئێمە ئەو قوتابخانە چکۆلانەی کە حکوومەت بەجێی هێشتوون، نەیانکەینەوە؟ گوتی وەڵا فیکرێکی باشە، منیش بە گوندی (سەران)دا هاتووم و کاتێک خوێندنگەکەم بە چۆڵی دی، بیرم لەوە کردەوە. گوندی سەران لە سەرووی ڕەواندز، بەرەو گەڵالەیە و نزیکە ٢٠٠- ٣٠٠ ماڵ بوو. بڕیارماندا خوێندنگە بکەینەوە و یەکەم قوتابخانە هی کاک بارزان بوو کە بە ڕەسمی کردمان بە مامۆستا و مانگانە دوو دیناریشمان بۆ بڕیەوە. لە باوەقوب بینای خوێندنگە هەبوو. لەوێ دەستکرا بە خوێندن و کاک بارزان سەردەرای دەرس گوتنەوە، کرا بە بەڕێوەبەری خوێندنگەکە و دواتر مانگانەی مامۆستاکان کرا بە پێنج دینار. لە ساقوڵی لە نێوان کۆیە و هیران قوتابخانەیەکمان کردەوە و لە هێران خوێندنگەیەکی شەش پۆلیمان دانا، چونکە پێشتر خوێندنگەیەکی شەش پۆلی هەبوو. خوێندکارەکان بەیانیان سروودی (ئەی ڕەقیب، پێشمەرگەی بە هەڵمەتین)یان دەخوێندەوە. کونە تەیارەشمان بۆ دروست کردبوون تا ئەگەر تەیارە هات ڕابکەنە ناو کونەکان و زیانیان پێنەگات. ساڵی ٦٧- ٦٨ خوێندنگەیەکیشمان لە سەران کردەوە کە زۆر سەرکەوتوو بوو. ڕاپۆرتەکەمان نارد بۆ مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی سیاسی نووسراوەکەی ئێمەی بۆ لق و هێزەکان نارد و داوای لێکردن خوێندنگە بکەنەوە و بە ئێمەشیان ڕاگەیاند کە مەسرەفی خوێندنگەکانتان دەدەینەوە. بە دوای ئەوەدا بەشی پەروەردە و زانیاریان دانا کە کاک محەمەد ئیسماعیل کرا بە بەڕێوەبەری گشتی خوێندنگەکانی کوردستان و سەرئەنجام ٦٠٠- ٧٠٠ خوێندنگەمان هەبوو لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی ئەیلوولدا. خوێندنگەکان تێکەڵاوبوون، بەڵام لە هەندێک جێدا داوایان دەکرد کە کچ و کوڕەکان بە جودا بخوێنن کە خوێندنگەی کچان و کوڕانمان بۆ کردنەوە. لە هەندێک دانیشتبووین، گوتم کاک مەجید شتێکم لە مێشکدایە هەبوو و شەوانەش بە گەورە ساڵان وانە دەگوتراوە. بەگشتی لە ماوەی سێ ساڵاندا شۆڕشێکی ڕۆشنبیریی لە کوردستان بەڕێوەچوو و ژمارەیەکی زۆر فێری خوێندن و نوسینی زمانی کوردی بوون.

دوای ڕێککەتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، بارەگای لقی دوو لە هەیرانەوە گواستراوەتەوە بۆ هەولێر و مەلا محەمەد هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەرکی کارگێڕی لق، وەک خۆی دەڵێت بۆ ماوەی دوو ماڵ لە پەسمی کردمان بە مامۆستا و مانگانە دوو دینارێشمان بۆ بڕیەوە. لە باوەقوب بینای خوێندنگە هەبوو. لەوێ دەستکرا بە خوێندن و کاک بارزان سەردەرای دەرس گوتنەوە، کرا بە بەڕێوەبەری خوێندنگەکە و دواتر مانگانەی مامۆستاکان کرا بە پێنج دینار. لە ساقوڵی لە نێوان کۆیە و هیران قوتابخانەیەکمان کردەوە و لە هێران خوێندنگەیەکی شەش پۆلیمان دانا، چونکە پێشتر خوێندنگەیەکی شەش پۆلی هەبوو. خوێندکارەکان بەیانیان سروودی (ئەی ڕەقیب، پێشمەرگەی بە هەڵمەتین)یان دەخوێندەوە. کونە تەیارەشمان بۆ دروست کردبوون تا ئەگەر تەیارە هات ڕابکەنە ناو کونەکان و زیانیان پێنەگات. ساڵی ٦٧- ٦٨ خوێندنگەیەکیشمان لە سەران کردەوە کە زۆر سەرکەوتوو بوو. ڕاپۆرتەکەمان نارد بۆ مەکتەبی سیاسی و کۆنگرەیەدا من وتارێکم لەسەر بارودۆخ و کێشەی گەلی کورد خوێندەوە.

ساڵی ١٩٧٣ عەزیز ئاکرەیی، هاشم ئاکرەیی و ئیسماعیل مەلا عەزیز، سێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بە ناوی دروستکردنی حزب، خۆیان تەسلیمی حکوومەتی عێراق کردەوە. بە دەرچوونی ئەو سێ ئەندامەی کۆمیتەی ناوەندی، مەلا محەمەد جێی یەکێک لەو کەسانەی لە کۆمیتەی ناوەندیی پارتیدا پڕ کردەوە و بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی لقی دووی هەولێر. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، بارەگای لقی دوو گواستراوەتەوە بۆ هێران و مەلا محەمەد بەشداریی شەڕەکانی ناوچەی هیران و نازەنین، لە سکتان و کۆلکەڕەشی کردووە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥دا ئەرکی بەرپرسایەتی لقی یەکی پارتی لە ناوچەی بادینان پێشمەرگایەتیی بووە. ساڵی ١٩٨٧ هاوکات لەگەڵ ئەندام بوونی لە مەکتەبی سیاسییدا، کراوە بە بەرپرسی لقی دووی پارتی و لەگەڵ دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بەناوەکانی نەجمەدین یوسفی و خورشید شێرە لە ناوچەی بادینان بووە. لە مانگی دووەمی ئەو ساڵەدا بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی چووەتە ئوتریش (نەمسا) و دوای سێ مانگ، لە مانگی پێنجەمەدا گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. لەم بارەیەوە دەڵێت: کاتی بۆمبارانی کیمیایی شێخ وەسان لە ١٦/ ١٩٨٧/٤دا، من لە ڤیەن بووم و لەگەڵ کوردەکانی ئەو شارە چووین لەبەر دەرگای ڕێککخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان مانمان گرت.

دوای پێکهاتنی بەرەی کوردستانی لە نێوان پارتی، یەکێتی و ڕێکخراوەکانی تری کوردستاندا لە ٢/٥/ ١٩٨٧، مەلا محەمەد گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. ناوبراو بەشدار بووە لە کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کە ڕۆژی ٢/١٢/١٩٨٩ لە گوندی هاشم ئاوە لە ناوچەی مەرگەوەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێکهات. هەروەها یەکێک بووە لە بەرپرسانی بەشدار لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی پێسپێردراوە و ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ ڕئیس حەسەن، ئازاد بەرواری، یوسف ڕۆژبەیانی، قادر قادر، عەریف دەرویش چووەتە شاری زوهاب و دواتر لە ئەزگەلەوە کاروباری لقی چواری بەڕێوەبردووە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە بە هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان ئێران و عێراقدا، ڕژێمی عێراق بەشیک لە ناوچەکانی باشوری کوردستانی بەجێهێشتبوو و پێشمەرگەکان ناوچەیەکی بەرینتریان بۆ جەولە و شەڕ بە دژی سوپای عێراق بە دەستەوە بوو.

ساڵی ١٩٨١مەلا محەمەد گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و وەک خۆی دەڵێت لەوێوە بە هێزێکی ٣٠٠- ٤٠٠ کەسیی، ڕەوانەی ناوچەی خۆشناوەتی و دۆڵی باڵیسان کراوە. ساڵی ١٩٨٤ بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی و بەرپرسی ڕێکخستن لە ڕاژان کە عەلی عەبدوڵا سکرتێری بووە. ساڵی ١٩٨٧ هاوکات لەگەڵ ئەندام بوونی لە مەکتەبی سیاسییدا، کراوە بە بەرپرسی لقی دووی پارتی و لەگەڵ دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بەناوەکانی نەجمەدین یوسفی و خورشید شێرە لە ناوچەی بادینان بووە. لە مانگی دووەمی ئەو ساڵەدا بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی چووەتە ئوتریش (نەمسا) و دوای سێ مانگ، لە مانگی پێنجەمەدا گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. لەم بارەیەوە دەڵێت: کاتی بۆمبارانی کیمیایی شێخ وەسان لە ١٦/ ١٩٨٧/٤دا، من لە ڤیەن بووم و لەگەڵ کوردەکانی ئەو شارە چووین لەبەر دەرگای ڕێککخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان مانمان گرت.

دوای پێکهاتنی بەرەی کوردستانی لە نێوان پارتی، یەکێتی و ڕێکخراوەکانی تری کوردستاندا لە ٢/٥/ ١٩٨٧، مەلا محەمەد گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. ناوبراو بەشدار بووە لە کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کە ڕۆژی ٢/١٢/١٩٨٩ لە گوندی هاشم ئاوە لە ناوچەی مەرگەوەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێکهات. هەروەها یەکێک بووە لە بەرپرسانی بەشدار لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی باشووری کوردستاندا و لەم بارەیەوە دەڵێت: لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا من بەرپرسی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پارتیی لە هەولێر بووم و هەر ل سەر ئاخا خۆ بژین و مە ئاخا خۆ خۆش بڤێت و چەوا بەرەڤانییێ لێ بکەین ، چونکی کارەساتا مەزن ئەوە خۆش ڤیانا وەلاتی ل دلێ مرۆڤی دا دەربکەڤیت .دیسان پارتی دیموکراتی کوردستان هەمی دەما باوەری ب دیموکراسیەتێ هەبوویە و هەر ل رۆژا دامەزراندنا خودا ل رۆژا 16/8/1946ێ و ناڤێ وێ پارتی دیموکراتی کورد و پاشان ل کونگرێ ((3ێ بو پارتی دیموکراتی کوردستان ، ئەڤە ژی بەلگەها هندێ یە کو پارتی باوەری ب دیموکراسیێ هەبوویە و هەیە چونکی ل دیموکراسیێ و تەناهیێ نەڤیەکێ پێ دگەهینیت ، لەوا دفەرهەنگا پارتی دا دیموکراسی یا خوجهە و ب کریار باوەری پێ هەیە بەروڤازیا خەلکێ دیتر کو ب تنێ ب زمان باوەری ب دیموکراسیێ هەیە .

پارتی دیموکراتی کوردستان ل 16/8/1946ێ دروست بوو راستە ل بەراهیێ ئاستەنگ هەبوون ل پێشیا وێ ، بەلێ خوراگریا وێ و فیداکاری و قوربانییێت وێ تەحمولا هەمی نەخوشیان کر لێ بەرەڤ گوپیتکێن سەرفیرازیێ پێنگاڤ هاڤێتن و دهاڤێژیت . لدیاهیێ دێ بێژم مەزنترین دەسکەفتێ مەزن و دیروکی یی پارتی دیموکراتی کوردستان و دسەد سالیێت خەباتێ دا و وەرگرتنا ئەنجاما دویاهیا سەرکەفتنا ریفراندومێ بوو سەرەرای هەمی پیلان و ئاستەنگا ، بەلێ بۆ ریفراندومێ و دەولەت بوونێ و سەرخوبونێ دوو کەرەستە پێویستن :

1- سەرۆک و رێبەر ەکێ قەهرمان و خوراگر و شارەزا و سیاسەتمەدار و فیداکار و چاڤ نەترس ئەو ژی ب بەلگەھ خویا و ئاشکرا بوو کو هێژا سەرۆک مەسعود بارزانی بوو .

2- مللەتەکێ خوراگر و بهێز فرەھ .

د سەرفیرازین کو بناغێ دەولەتا کوردستانێ ل سەرکەفتنا ریفراندومێ هاتە دانان و ئەندازیار و نەخشەکێشێ وێ ژی جەنابێ سەرۆک مەسعود بارزانی بوو کو جهێ شانازیا هەمی نەتەوا کورەد و ئەڤرۆ جەنابێ سەرۆک مەسعود بارزانی بوویە مەرجەع و پشتەڤان و ئومێد بۆ هەمی نەتەوا کورد ...

هاوبیرانی جەمال نەبەز بۆ ڕۆژنامەی خەبات دەدوێن

ئەمڕۆ لە بەرلین چلەی ماتەمینی نووسەر و ڕۆشنبیری کورد جەمال نەبەز بەڕێوەدەچێت



ساسان دەرویش – هۆڵەندا

ئەمڕۆ چل ڕۆژ بەسەر کۆچی دوایی ژانا و دانای کورد پڕۆفیسێر د.جەمال نەبەز تێدەپەڕێت کە لە دوای خۆی خەرمانێک لە بیری جوانی بۆ دونیای ڕۆشنبیری کوردی جێهێشت و بەرهەمەکانیشی بۆ هەمیشە بوونەتە سەرچاوەی گرنگ بۆ ڕۆشنبیری کوردی، بۆ ئەو مەبەستەش بەشێک لە هاوبیران و هاوڕێبازانی قوتابخانەکەی کوردایەتی لە کەسایەتی و بەرهەم و بیری مامۆستا و زانای کورد، جەمال نەبەز بۆ خەبات دەدوێن.

جەمال نەبەز سەرچاوەی داهێنانم بوو

سەرەتا حەمەڕەشید هەرەس هاوبیر و نووسەر و ڕۆشنبیر گوتی: ئەمڕۆ چلەی کۆچی مالئاوایی جەمال نەبەزە، ئەو مرۆڤە کورد ویستەی باخی کورد بە دەگمەن بەرهەمی وا جوان ئەدات بە دەستەوە، جەمال نەبەز هاوبیرم بوو، برام بوو، سەرچاوەی داهێنانم بوو، مامۆستام بوو، لە هەموویشی زیاتر نمونەیەکی کەڵەگەتی ژیانم بوو. ئەو نەبوایە هەستی نەتەوەییم، خۆشویستنی کورد و کوردستانم، تەقەڵام بۆ دەوڵەمەندکردن و دۆزینەوەی ڕێگا چارەی ئازادی و سەرفرازی تاکی ئەم کوردە بەشمەینەتە، تەنها لە سنووری سۆزدا ئەسوورایەوە. ئەم مرۆڤە بیرمەندە گەورەیە کاریگەرییەکی وای لەسەرم دانا، ئەو سۆز و هەستی نەتەوایەتییەم بەرەو بیری پیرۆزی نەتەوەیی ببەم، بە سەنگی محەکی ئەو بیرە توانیم، هەرچی بۆچوونی چەواشە هەیە، لەسەر ڕێگەی ڕاستی کوردایەتی لەقاو بدەم و بە بەڵگەی بەهێزەوە، بە مەشخەلانی ڕاستییەوە لەسەر ئەو ڕێگا پیرۆزە لانەدەم و بە ڕوویەکی سوورەوە بە ئەژنۆیەکی پتەوەوە، ڕوو لە ڕەشوڕووتی نەتەوەکەم بکەم و بانگی پیرۆزی هزری نەتەوەیی بدەم بە گوێی ئەوانەی بۆ ڕێگاو کاروانی ڕاست ئەگەڕێن، نەتەوەکەمانی پێ بگەیەنن کەناری سەربەخۆیی کوردستان و ئازادی و یەکسانی نەتەوەی کورد، ئەم پیاوە مەزنە لە تەک خوێندنەکەیدا، وەک کرێکارێکی سەرسەخت کاری دەکرد و بە پارەکەی کە دەیتوانی ژیانێکی شایستە بژی، ئەم ژیانی کولەمەرگی هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی بەو پارەیەی بە ڕەنجی شانی پەیدای ئەکرد، بیدات بە چاپکردنی ئەو کتێبانەی کە بە شەونخونی و دەردیسەری دەینووسین و دەیخستنە بەردەستی خوێندەواری کورد، بۆ ئەوەی هیچ فەلسەفەیەکی چەواشە تاکی کورد بە لاڕێدا نەبات و لەسەر ڕێگای ڕاستیی کوردایەتی لانەدەن و نەبنە قوربانی دەستی دوژمن و بەکرێگیراوی کورد. گوتیشی: جەمال نەبەز، کەسێکی سادە و بێ فیز بوو، زمانشیرین و هەمیشە ڕووخۆش بوو، لەگەڵ هەر نەناسێک بکەوتایە گفتوگۆ بە چەند چرکەیەک خۆشەویست ئەبوو، بەرامبەری بە وشەی کوردی ڕەوان و بەڵگەی زانستی قایل ئەکرد. مالئاوا مامۆستا مەزنەکەم، لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێم: ئێوەی زانا نەبوونایە هەستی کوردایەتی نەدەبوو بەو بیرە جوانەی نەتەوەی کورد و ئەبوایە هەر لە قەپێلکی سۆزدا بمانووتایە کوردایەتی ئەکەین و مەشخەلانی ئەو بیرە جوانەی تۆ بزر دەبوو لای تاکی کورد، بێگومان ئەوانەی دەیانەوێت بەڕاستی بۆ کوردی بکەن.

یەکەم کەس بوو کە توانی کتێبەکانی ماتماتیک و ئەندازە بگۆڕێتە سەر زمانی کوردی

هەروەها قەیس قەرەداغی دۆستی نزیکی ڕەوانشاد لە بارەی ئەو بیرمەندە مەزنەی کورد، گوتی: بیرمەندی گەورەی نەتەوەکەمان د.جەمال نەبەز گەڵێ خزمەتی بە نەتەوەکەی بەخشیوە، گەڵێ پرۆژەی گەورەی لە میشکدا بوو، بەڵام مەخابن دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی حکومەتی هەرێم هەر بیریان نەکردەوە لەوەی دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکەن بە مەبەستی جێبەجێکردنیان، چونکە وەکو دەزانن پرۆژەکانی مامۆستا ئەوەندە گەورە بوو پێویستییان بە تیمێک دەکرد، مەحاڵە بە تەنیا کەسێک لەو تەمەنە جێبەجێیان بکات، کارەکانی ئەو کاری کۆڕێکی زانیاری بوو بەتایبەتی لە بواری زمانەوانیدا، تا سەدان سااڵی




دیکە هەندێ وشە هەن کە مامۆستا ساخی کردوونەتەوە ناوی مامۆستا بە زیندوویی دەهێڵنەوە، چونکە ڕۆژانە لە نووسین و لە ئاخافتندا بەکاردێن، تۆ گەر بەدرێژایی چەند دەمژمێرێک قسەت لەگەڵ بکردایە تاکە وشەیەکی بێگانەت لێ نەدەبیست بەکاریان بهێنێت، ئەو یەکەم کەس بوو کە توانی کتێبەکانی ماتماتیک و ئەندازە بگۆڕێتە سەر زمانی کوردی لە کاتێکدا ئەو مامۆستا بوو لە کەرکووک و خوێندنیش هەر بە زمانی عەرەبی بوو، بەڵام مامۆستا توانی هەموو ئەو دەستەواژانەی عەرەبی بوون بیانکات بە کوردییەکی پەتی کە تا ئێستاش لە قوتابخانەکانی کوردستاندا بەکاردەهێنرێن، مامۆستا لە پاڵ ئەوەی زانا و دانایەکی گەورە بوو، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندییەکی ڕۆحی جوانی هەبوو لەگەڵ سەدان کەس لە هاوڵ و هەوادار و دۆستەکانی لە ڕێگەی تەلەفۆن بوایە یان پۆست یان سەردان کتێب و نووسراوەکانی بۆ دەناردن، هەواڵیانی دەپرسی، گلەیی لە من دەکرد کە بۆ ئاگادارم نەکردووە لەوەی کە چوومەتە نەخۆشخانە بەمەبەستی نەشتەرگەری بۆ ئەوەی لە بەرلینەوە بێت بۆ کیل بە مەبەستی چاودێریکردنم. کۆچی دوایی مامۆستا بە ڕاستی کۆستێکی گەورە بوو و



بەشداریەکی چالاکانەی بەپێزی لە ڕێی نووسینەکانییەوە کردووە بۆ فراوانکردنی ئاستی تێگەیشتنیان، مامۆستا نەبەز لە بیرکردنەوەیەکی قوڵ و کۆنتێکستێکی هزریی و فەلسەفی دا، دێت و دەیەوێ شیکار و شرۆڤەی زیاتر بۆ چەمکی ئازادی و یەکسانی بکات و ڕەهەندی دیکەش بەم چەمک و دروشمانە ببەخشێت و لە دروشمێکی سیاسییەوە بیگۆڕێتەوە بۆ قاڵبێکی تیۆریزەکردن. مامۆستا نەبەز دەڵێ: ئازادی بە تەنیا بەس نییە، بەڵکو پێویستە تەواوکەرێکی هەبێت، ئەویش مافی دەسەڵاتە. واتە ئازادی بێ بوونی مافی دەسەڵات ناتەواو و کێماسی تێدایە. بەواتایەکی دیکە، گەر بێت و خاوەنی ئازادیش بێت، لێ مافی دەسەڵاتی بەکارهێنانی ئەو ئازادییەی نەبێت، ئەوە ئازادییەکی ناتەواو و نوقسانە. کاتێکیش کێماسی لە ئازادی بوو، واتە مرۆڤ هێشتا بە قۆناخی حەسانەوە و بەختەوەری نەگەشتووە و ئاسوودیی ژیانی زامن نەبووە. ئەو بەدرێژایی تەمەنی بۆ





سەربەخۆیی تێکۆشاوە، شایانی وەبیرهێنانەوەیە، پرسی سەربەخۆیی قۆناخێکی سیاسی و ئامانجێکی کاتییە. مامۆستا نەبەزیش پێیوایە: سەربەخۆیی بەشێکە لە ئازادی، لێ ئازادی، ئازادی و سەربەخۆیشی لە خۆ گرتووە. لەم سەردێڕیەی خەباتی سەربەخۆیی دا تێکۆشان و کارکردن بۆ گەیشتن بە ئازادیش هاوشان بەڕێوە دەچێت. بەڵام دوای سەربەخۆ بوون خەبات بۆ ئازادی هەر درێژە دەکێشێت و هەر بەردەوامە. چونکە کە سەربەخۆ بوویت مانای وا نییە ئازادیشی، بەڵام کە ئازاد بوویت واتە سەربەخۆیشت. ئەم خاڵە هەستیارە پێویستە وەک خۆی لێی حاڵی بین و خۆمان بە هەڵەدا نەبەین.

باوکێکی میهرەبان بوو بۆ من

د.تابلۆ حەسەن، گوتی: کاتێک لە هانۆڤەرەوە بەمەبەستی کارکردن چووم بۆ بەرلین، بۆ ای شیرینم قەیس قەرەداخی بە پرۆفیسۆر جەمال نەبەزی ناساندم، ئیدی لە ماوەیەکی کورتدا مامۆستا بوو بە باوکێکی میهرەبان بۆ من، بە هەموو شێوەیەک دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکردم، تەنانەت لە خوێندنمدا پشتگیر و هاندەرم بوو تەنانەت لە موناقەشەی تێزەکەمدا ئامادە بوو، کە بڕوانامەشم وەرگرت 2018لە بەرلین چووتە بەر دلۆڤانی خودا، بێ ئەوەی ئامارژە بۆ بەرهەمی بیری دەوڵەمەندی و هەڵوێستی مرۆڤانەی و ڕۆڵی لە بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەییدا نەکەین، هەموو هەواداران و هەتا نەیارانی دانیان بە ڕۆڵی گرنگی د. نەبەز ناوە لە ناساندنی دۆزی ڕەوای کورد لە نێو وڵات و لە دەرەوەی وڵامتدا. د.نەبەز هەمیشە هەوڵی دەدا یەکگرتوویی کورد زۆر جار کارێک بکات کە شەڕ و ئاژاوە بوەستێنێت و فەقیر و هەژاری کورد لەوە زیاتر نەچن، هەر بەم بۆنەیەوە لە کۆتایی نەوەت و سێوە پەیوەندی بە جەلال تاڵەبانی و سەرۆک مەسعود بارزانییەوە کرد داوای ئەوەی لێیان کرد شەڕ بوەستێنێت و لەم بارەیەوە چەند بەیانێکی بۆ ڕای گشتی نووسی. د.نەبەز دۆستایەتێکی بەهێزی لەگەل بنەماڵەی ئێمەدا هەبوو، بەتایبەتی لەو ماوەی کە لە شاری کەرکووک مامۆستای هەردوو براکەم مامۆستا کەمال و خوالێخۆشبوو د.جەمال برام بوو، د.جەمال نەبەز بێباکانە و مەردانە بیری کوردایەتی و کوردستانخوازیی لە نێو قوتابیاندا بڵاوکردووەتەوە.



دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی تاکە ئامڕازە


لە کۆتایشدا د. جەواد مەلا سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان و کەسایەتی ناسراوی کورد لەبارەی ڕەوانشاد گوتی: پێش ئەوەی ڕوو بکەمە ئەوروپا، هاوڕێ و هاوخەباتی کوردایەتیم، ئوسمان سەبری، ئاگاری کردم کە جەمال نەبەز کوردێکی زۆر نەتەوەییە، ئەم ئاماژەزگارییە وای لێکردم کە ئەو بەڕێزەم خوشبوێ بەر لەوەی ببینم، پاش گەیشتنم بە مامۆستا جەمال نەبەز لە قسەکانیدا بۆم دەرکەوت کە پێیوایە چارەسەرکردنی دۆزی گەلی کورد لە ڕێگای سەربەخۆیی کوردستانەوە دەبێت، پێی وابوو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی تاکە ئامڕازە بۆ بەدەستهێنانی ئاسایش و دادپەروەری بۆ گەلی کورد، ئەو قسانەی ناوبراو ئەوەبوون کە من بۆی دەگەڕام، پاشان دیدارەکانمان دووبارە بوونەوە و گوتم لە بۆچوونەکانی دەگرت و چێژەم لێ وەردەگرتن و خوازیاربووم بۆ ئەو ئامانجانە خەبات بکەم. دکتۆر جەمال نەبەز ژمارەیەک زمانی زۆر بە باشی دەزانی وەکو ئەڵمانی و ئینگلیزی و فارسی و سینسکریتی و چەندین زمانی دیکەش. سەبارەت بە زمانی کوردیش، زۆر بە باشی هەمو شێوەزارەکانی دەزانی.

لە خەرمانی کوردەواری کەوت، بەڵام زیانێکی گەورەتری بە من بەخشی، هەستەکەم دووجار باوکم مردووە و دووجار هەتیو بووم، ئێدی من ناتوانم بە هیچ جۆرێک برۆمەوە بۆ بەرلین لە زۆربەی جادەکانی بەرلین دەیان یادگاریم هەیە لەگەڵ مامۆستا، من کەسم نەبوو لە بەرلین نە خزم نە هاوڕێ، نەبەزی نەمر هەم باوک و هەم هاوڕێم بوو.

دۆستایەتێکی بەهێزی لەگەل بنەماڵەی ئێمەدا هەبوو

لە تیف شاهۆیی گوتی: چل ڕۆژ لەمەوبەر زانا و نووسەر و زمانەوانی بیرمەندی گەورەی کورد د.جەمال نەبەز لەبەر نەخۆشی دڵی گەورەی لە لێدان وەستا، بەرامبەر ئەم خامە بەهێزە ئەو بیرە پاکە ئەو بەرهەمە زۆرەی ناکرێت بڵێین د. نەبەز لە 1/ 2/1933دالە سلێمانی هاتووەتە دونیا و لە 8/12/

شەنگە هاوار کاکەیی*



بۆ ئەم ژەهرەتان بە ئێمە نۆشی؟

هەڵکردنی ئاڵای پێشەوا لە شاری کەرکووک بۆ چەند کاتژمێرێک و ڕەتکردنەوە و لادانی لە لایەن هێزەکانی دژە تیرۆرەوە، هەڵگری یەک واتایە و یەک ئامانژە، کەوا چارەسەری پرسی ئەم ناوچانە و ڕاگرتنی بەڵانسی هێز لە هاوکێشە سیاسییەکاندا و گەڕانەوەی ئاسایش و سەقامگیری لەم شارانە، ئەگەر بە سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆک بارزانی نەبێت بەهێزی سەرانی شانۆی ئۆکتۆبەر مەحاڵە بێتەدی کە ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، لەم سۆنگەیەیدا دارشتنی سیناریۆی ئەمجارەیان سەرسوڕهێنەر نییە، بەوپێیەی دارشتنی سیاسەتییان بە دەرچەی دیماگۆگییەتدا تێپەڕیوە، بە نۆکەری لواوە لە ئەنجامی هەڵکشانی بازنەی ئیرەیی و تا تاکتیکی بوغز کە لە دڵە تەماوییەکانیاندا پەنگدەخواتەوە و بەو هۆیەوە پەنایان بردە بەر زەڵکاوی خیانەت و مەلەکردن لە گۆمی مەنگدا، کەرکووکیان فرۆشت، قودسەکەمانیان تەسلیمی هێزی داگیرکەر کرد و دڵە گەرەکەمانیان زامدار کرد بە تیری ژەهراویبوونی خیانەت، ئێستا کەرکووک بە دڵێکی زامدار بێ قودسە. ئەوەی جێگای ئامارژەیە کات و بەرواری دارشتن و مەودای زەمەنی ئەم سیناریۆیەیە، ئایا تەنها بۆ ئەوەیە ڕووی خۆیان سپی بکەنەوە بەرامبەر جەماوەر و هاونیشتمانیان، یان بۆن و بەرامەتی هەواڵی گەڕانەوەی پێشمەرگەیان بۆنکردووە بۆ ئەو شارە و بۆ ئەو ناوچانە بە سەرکردایەتیی سەرۆک بارزانی، هەرچەندە بەشێک لە کادیرە بە هەڵوێستەکانی یەکێتیی نیشتمانی و خانەوادەی شەهیدان و قوربانیانی دۆزی ڕەوای کورد نیگەڕانن بەم خیانەتە و هەرگیز بەو ئاکامە قەت دڵخۆش نەبوونە، ئێستا بە هۆی دەربڕینی ئەم ڕایەیان تۆمەتی پارتیبوونیان دەخرێتە پاڵ. بەڵام دیارە پەشیمانبوونەوە بۆ چەند کاتژمێرێک ئەم شارەیان ئاڵاند بە ئاڵای کوردان لە سەرجەم دامودەزگا فەرمییەکان دوابەدوایی لە نێو ئاپۆڕای جەماوەردا شایی و ئاهەنگیان گێڕا، بەڵام ئەم خۆشییە چەند کاتژمێرێک بوو، وەکو ڕێژنەبارانی بەهار گەوالەیەک بوو و تەواو، هێزی دژە تیرۆر بە فەرمانی پاریزگاری کاربەدەست و دەستڕۆیشتووی ئەم شارە، بە هەڵکردنی گلۆپی سوور کە فەرمانی لە حکوومەتی فیدراڵەوە وەرگرتبوو بە داگرتنی ئاڵاکەمان لەم شارە، بەدەر لە بارەگا حزبییەکانیان بۆیام نییە هەڵی بدەن و بشەکێتەوە. لە هیچ دامودەزگایەک.

ئەوەی مەبەستمە بیوروژێنم چەمک و پێناسەی خیانەت نییە، چونکە کرداری خیانەت ڕەفتارێکی قێزەوەنەو پەڵەی ڕەشی دەمێنێت و کاڵنابێتەوە، چونکە گەر بەتیشکی بنەوشەیی بێت یا سەرنجدان ڕەنگی سپی و ڕەش زۆر بە سانایی لە یەک جودا دەکرێنەوە، بۆیە دەپرسین، کاتێک داکۆکیکارێکی سەرسەختی ئاڵا و هێمای کوردانن، حەقی خۆمانە بەرچاووڕوونیمان هەبێت و لەو خۆزگەیەیان تێبگەین، بپرسین و سەد و یەک جار لە دووپاتبوونەوە تا دەگەینە ئەنجامی دروست ئاخۆ بۆ کەرکووکتان فرۆشت لە میهراجی سیاسەتدا ؟ ئاخۆ بۆ ئەم هەموو کوردەتان شاربەدەر کرد لە زێدی خۆیان؟ ئاخۆ بۆ ؟

(ئەگەر تەبیب بوون، بادەی ئەم ژەهرەتان بۆ بە ئێمە نۆشی) ئەوەی جێگای داخ و نەنگییە بۆ منی ئافرەت، بەدەر لە خیانەتی خیانەتکاران هەڵوێستی خانمی ئەسەدی (ئاڵا تاڵەبانییە) کە لە دیمانەیەکیدا پێیوایە ڕامااڵن و هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان مافێکی دەستوورییە و بڕیارێکی دەستوورییە کە لە لایەن عادل عەبدولمەهدییەوە دەڕچووە بۆ زامنکردنی مافە کەمە نەتەوەییەکانی ئەم شارە وەکو عەرەب و تورکمان، جگە لە نەتەوەی کورد، منیش دەڵێم: خۆ ئەگەر کورد بۆ ئەم شارە ڕووبارێک خوێنی نەڕژاندبێت و شۆڕشێکی لە دەست نەدابێت، ئەوە ڕەئی ئەو ناسکۆڵەیەمان قبوولە! ئەگەر ئەوەنە جەربەزەیە، با قائیمەی شەهیدانی ئەم نەتەوانە ئاشکرا بکات، ئاخۆ کێن و ژمارەیان چەندن؟ خۆ ئەگەر بوونیش هەبێت یان لە ئەنجامی تەقینەوە گیانیان سپاردووە، یا سیخوڕبوونە و فەرمانی ئیعدامیان بۆ دەڕچووە، ئەمەش ناکەوێتە قالبی گیانفیدایی و قوربانیدان، ئەگەر بەراوردی بکەین بە قوربانیانی ڕێگای بزافی نیشتمانی و شەهیدانی کورد و کوردستان کە بەشێک لەو شەهیدانە سەر بە (ینک) بوونە، بۆیە ئێستا ئاڵای پێشەوا، تەنها لەسەر مەڵبەندی حزبیان دەشکێتەوە و بە ئینجازێکی میژوویی هەڵیدەسەنگێنن! وەکو ئەوەی بڵێی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی خیانەتی درێژ کردبێت بۆ ئەم شارە، نەک ئەوان لێرەدا ناپرسین بۆ؟ بەڵام هەڵدانی لاپەڕەی عەجب و سەرسوڕمان لە بەراوردکردنێکی زەمەنی خۆی فەرز دەکات، جاران لە سەردەمانی حکوومەتی عێراقی پێشوو وەزیفە و مەهامی جاشایەتی نەربت و باو بوو بە پیاوان. بەڵێ بە سەدان دێ و دێهاتی کوردستان لەسەر دەستی سەرانی بەعس تەخت و خاپورکران، بە هاوکاری و هەماهەنگی جاشەکان بەڵام! بەشێوەیەکی فەرمی قەت ڕووی نەداوە ئافرەتێک جێگۆڕکێی پێ بکرێت و ئەو ڕۆڵەی پێبسپێرن، بەڵام ئەمڕۆ بەپێی دارشتنی ئەم ستراتیژییە تازەیە و ڕاگرتنی باڵانسی جێندەری ئەم ڕۆڵە و ئەم دەرفەتە بە ئافرەتیش سپێردراوە. ئەوەی ماوە بڵێین پێشەوا لە نیو لە سەدەی ڕابردووەدا دڵنیابوو کە و ئەرکی پاراستنی ئاڵای کوردستانی بەدەر لە بارزانی، هیچ زاتێک توانای ئەوەی نییە ئەم ئەرکە قورسە بگرێتە شان لەم سەدەیەدا، ئەم دڵنەوایە دووپات بووەتەوە بۆ هێما و ئاڵای کوردان لە شاری شاران، بۆیە وێردمان بۆ پارتی دایک دووپاتبوونەوەی وەفا و سۆزە بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان، وەکو هەمیشە دەڵێین و دەڵێینەوە، سەدە لە دوای سەدە، هەمان پەیام و هەمان دووپاتبوونەوە.

*** ماستەر لە یاسای گشتی.**

بیرمەندی سیاسی عەرەب (حەسەن عەلەوی):

دەوڵەتی کوردیی 100 ساڵە دواکەوتووە



بیرمەندی سیاسی عەرەب (حەسەن عەلەوی)

هەڤپەیڤین: نووری بێخاڵی

حەسەن عەلەوی، ڕووناکبیر و بیرمەندی سیاسیی عێراقی، لە میانەی چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بەرنامەی (هەڤپەیڤین)ی کەناڵی ئاسمانی (کوردستان24) ڕایگەیاند:"دەوڵەتی کوردیی 100 ساڵە دواکەوتووە". عەلەوی لە بارەی ئەوەی، کە چۆنە وەک عەرەبێک ئاوا داکۆکی لە دۆزی کورد دەکات، دەڵێ:"مرۆڤایەتیی من گەورە نابێت، ئەگەر تەنیا ڕۆڵەی نەتەوەکەمم خۆش بووێت، بەڵکو بەوە گەورە دەبێت، کە ڕۆڵەی نەتەوەکانی دیکەم خۆش بووێت". سەبارەت بە کورد و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکەیشی گوتی:" کوردەکان گەر وەک نەتەوە لێیان نزیک بیت، دەزانی گەلێکی ئاشتیخواز و باش و ڕاستگۆن و کێشەکەیان ڕەوایە. لە ساڵی 1961وە تا ئێستا، کە تێکەڵی میژووی کورد بوومە، چەندە لە میژووی کورد قوواڵ دەبمەوە، دەبینم سااڵنێکی زۆرە، لە دروستکردنی دەوڵەتی خۆیان دواکەوتوون، تەنانەت لە پەرتووکە نوێیەکەم بە ناوی "دەوڵەتی کوردی دواڕۆژەکانی بێدەنگی" کتێبەکە هێشتا دەستنووسە و دووبارە ناونیشانەکەیم بۆ "دەوڵەتی کوردیی 100 ساڵ چاوەڕوانی" گۆڕی. دەڵێم: ئەگەر هەر ئەمڕۆش دەوڵەتی کوردی دروست بکرێت، ئەوا هێشتا 100 ساڵە دواکەوتووە. ئەگەر ڕاستەوخۆ لە 1514ەوە تا ئێستا، کە 500 ساڵ دواکەوتووە. ئەگەر ڕاستیشمان بوێت، ئەوە 500 ساڵە ئەو دەوڵەتە دوا کەوتووە، واتە لە شەڕی چاڵدێرانەوە لە ساڵی 1514، پێنج سەت ساڵ لە خەباتی کورد.

لەسەر داوای هاوولاتی (حسینە رشید خدر) سەرۆكایەتی لێژنەكەمان هەڵدەستێت بە راستكردنەوەی ناو:- لە (محمدامین رشید اغابن خضر اغا) بۆ (حسینە رشید خدر) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەكانی ژمارە (٧،٩،١٤،١٦) كەرتی ٤٠/شیخان, وە راست كردنەوەی ناوی لە (محمد امین بن رشید اغا) بۆ (حسینە رشید خدر) لە پارچە زەوی ژمارە (٤٥) كەرتی ٤٠/شیخان كە لەسالانی تەسویە بەهەلە تۆمار كراوە, پێویستە لەسەر خاوەن داواكە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەكان لەگەڵ شاهیدەكان و موختاری گوندەكە ئامادە بكات لە رێكەوتی (٢٠١٩/١/٣١) كارەكەمان ئەنجام دەدەین.
كاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆكی لیژنە
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ٢٥ /ب/٢٠١٩
رێكەوت/ ١٦ /١/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ/داوالێكراو (محمد خضر علی ثلاج) جهێ ئاكنجیبوونا وێ نەدیارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆماركرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواكار (مسعود سلیمان حسن) ئەوا تێدا داوای قەرزی خۆ دكەت ژبارەی باریزەری كوژمێ پارە (٢٠٠٠٠٠٠٠) بیست ملیون دینار وژبەر جهێ ئاكنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا بنگەهی پولیسین مسیریك ژمارە (٣٠) ل رێكەفتی ٢٠١٩/١/٨ وراپورتا هەلبژێری كوندی كری كەوری رێكەفتی ٢٠١٩/١/٨ بریاردا تو بهێیە ئاگەهداركرن برێكا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩،٠٠)ی سپێدێ ژ روژا ٢٠١٩/١/٢٨ وئەگەر ئامادەنەبن یان بریكارەكێ پێش خوڤە نەهنێرین دێ ب پا شملە وئاشكرایی داوا برێڤە چیت ولدیڤ یاسایێ
دادوەر / عزیز محمد سعید
* * *
دادگای باری كەسی هەولێر/٣
ژمارە:٥٣٨٥/ش٣/٢٠١٨
رێكەوت/ ١٦/١/٢٠١٩
جاردان
بۆ داوالێكراو (طلال عبدالرزاق رجب)،
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواكار (یاسین محمد عبود) لەم دادگایە داوایەكی لەسەرت تۆماركردووە بە ژمارە ٥٣٨٥/ش٣/٢٠١٨ تیایدا داوای (تفریق للهجر) دەكات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی نووسراوی ئیشعاری مختاری (هەولێر- ایطالی ٢) بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە، بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٢/٢٨) كاتژمێر (٩) ی بەیانی.
دادوەر/ صباح قادر كاملا
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێكردنی هە و لێر
ژمارە: ٢٠١٨/٢٨٤٢
رێكەوت: ٢٠١٩/١/١٦
ئاگاداری
بۆ/ قەرزار (محمد مولود محمد) لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نیشتەنی هەمیشەیی و كاتی بۆ پێ راگەیاندنتان بۆیە لەرێگای رۆژنامەی ناوخۆ ئاگادارتان دەكەین بە مەبەستی ئاگاداریتان بە خەملاندنی لەمولكی ژمارە ٣/٣٣٨١ ك ٧٦ كونەگورك بەبری ٧٨,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار لەماوەی (١٥) رۆژدا ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە.
جێبەجێكاری داد/ ئاری فیصل دەباغ
* * *
سەرۆكایەتی زانكۆی سەلاحەددین- هەولێر كۆلێژی هونەرە جوانەكان/ كارگێری و خۆیەتی
ژمارە: ٩١/٢/١
رێكەوت: ٢٠١٩/١/١٦
بۆ/ بەرێز (سمیر عبدۆك عساف) لەبەشی (سینەما و شانۆ)
ئاگاداركردنەوە
بۆ بەرێز (سمیر عبدۆك عساف) بەناونیشانی (م. یاریدەدەر) لەبەشی سینەما و شانۆ كۆلێژەكەمان ئاگاداری بەرێزتان دەكەینەوە كە لەرێكەوتی ٢٠١٧/١١/١٦ نەهاتوویتە دەوامی فەرمی بۆیە ٧ حەوت رۆژ ئەگەر لە ناوەوەی ووڵات بیت وە ٣٠ سی رۆژ ئەگەر لەدەرەوەی ووڵات بیت بگەڕێیتەوە بۆ سەركارەكەی خۆت وە بەپێچەوانەوە رێكاری یاسایی دەگرینەبەر.
پ.ی.د علی محمود جوكل
ڕاگر
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێكردنی/سەلاح الدین
ژمارەی دۆسیە/٥/انابە/٢٠١٨
رێكەوت/٢٠١٩/١/١٣
جاڕدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێكردنی سەلاح الدین مولكی ژمارە ١٨/٨١٥٨ ك ٩ كە كەوتوەتە كەرتی سەلاح الدین دەفرۆشێت, خاوەنەكەی قەرزار سفین سعید امین كە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی خالد احمد علی بەبڕی/ ٨٥,٤٠٠,٠٠٠ هەشتا و پێنج ملیۆن و چوار سەد هەزار دینار هەركەسێ ئارەزوومەند ١٥ پازدە رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بلاوكردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی كە ١٠٪ نرخە قرساوەكەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆماركردن و دەلالیش لەسەر كڕیارە.
جێبەجێكاری داد / سعدیە حسن رسول
١ – شوێن و ژمارەی/ سەلاح الدین ژمارە ١٨/٨١٥٨ ك ٩ سەلاح الدین
٢ – رەگەزو جۆری/ مولكی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەكەدا هاتووە
٤ – پێكهاتەكەی/ لە هەیكەلێكی دوو نهۆمی پێك هاتووە
٥ – رووبەرەكەی/١٤٠م٢ بەشی قەرزدار نهۆمی یەكەم ٢ ژوور یەك هۆل حمام و تەوالێت نهۆمی دووەم ٣ ژوورو یەك هۆل.
٦ - پلەی ئاوەدانكاری/ خانووی ناتەواو
٧- نیشتەجێكەی/ كەسی تیانیە
٨ – نرخی قرساو/ ٣٦,٦٠٠,٠٠٠ سی و شەش ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار.
* * *

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەكەینەوە كە كۆمپانیای (MADO INDUSTRIAL MACHINERY) بۆ دروستكردنی ئامێری پیشەسازی و كەرستەی یەدەگ/ سنوردار) بریاری پاكتاوكردنی كۆمپانیای داوە، بۆیە هەر كەسێك یان هەر لایەنێك مافێكی لەسەر كۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاكتاوكار بكاتەوە لە (پارێزگاری هەولێر) پاكتاوكار/ ژاكار وریا حوێز
ناونیشان/ هەولێر- ١٢١ گولان
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٧٧٧٠٨٢

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٣٢٩
رێكەوت: ٢٠١٩/١/١٦
بریاری پاكتاوكردنی كۆمپانیا سنووردار
پاڵپشت بەناوەڕۆكی بڕیاری دەستەی گشتی كۆمپانیای (MADO INDUSTRIAL MACHINERY) بۆ دروستكردنی ئامێری پیشەسازی و كەرستەی یەدەگ/ سنوردار) لە رێكەوتی (٢٠١٩/١/١٠) تاییەت بەدانانی كۆمپانیا لەژێرپاكتاوكردن و دانانی بەڕێز (ژاكار وریا حوێز) بەپاكتاوكاری كۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری كۆمپانیاكان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندكرد بەمەرجێك بڵاوبكرێتەوە بەپێی ئەحكامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی كۆمپانیاكان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی كۆمپانیاكان/ بەوەكالەت

HKN ENERGY LTD.

Position: Loading Specialist
Location: Swara Tika, HKN Sarsang block-Dohuk Kurdistan Region of N. Iraq
Status: Local -Rotation-Equal time
Reports To: HKN Well Process Facility Supervisor
Subordinates: None

Scope:

- Responsible for overseeing safe loading operations at Swara Tika Facilities and unloading operations at DNO Fishkhabour Terminal, witness the custody transfer of crude oil under direction of HKN Wellsite Supervisor
- Responsible for inspecting oil tankers for safety
- Ensures that HKN's policies and procedures are followed
- Responsible for administrative work associated with witnessing custody transfer that includes but is not limited to stamping bills of lading, entering data into an Excel spreadsheet, filing and scanning bills of lading.
- 14 days on/14 days off shift schedule
- Will rotate between HKN site facilities and or DNO Fishkabour unloading Terminal (rotational periods)
- Ability to Work in hot and cold climates and in remote locations, accommodation at site camp

Requirements:

- Excellent computer skills, i.e. MS Excel, MS Office, Outlook and MS Visio.
- Communicate fluently both verbally and in writing in the English languages, Kurdish, and Arabic
- Numerate university degree.
- Prepare daily report logs

If you're interested, please send us your cv at hknrecruitment@hknenergy.com

HKN ENERGY LTD.

Position: Production Operator Trainee
Location: Swara Tika, HKN Sarsang block-Dohuk Kurdistan Region of N. Iraq
Status: Local -Rotation-Equal time
Reports To: HKN WPF Supervisor
Subordinates: N/A

SCOPE:
The employee is expected and required to rapidly advance his knowledge in all aspects and facets of HKN process plant operations. Utilize experience and hazard identification knowledge to minimize plant hazards during routine activities. This is a remote camp-based position requiring the candidate to work equal time rotation. Work closely with all outside production personnel, Control Room Operators, Production Supervisor and any person involved in a task controlled by a Permit to Work.

RESPONSIBILITES:


- Monitor equipment functioning, observe temperature, level, and flow gauges, and perform regular unit checks, to ensure that all equipment is operating as per Standard Operating Procedures and company Guidelines.
- Record, review, and compile operations records, test results, and gauge readings such as temperatures, pressures, concentrations, and flows.
- Monitor transportation and storage of flammable and other potentially dangerous products to ensure that safety guidelines are followed.
- Assist production personnel and undertake tasks as supervised.
- Promote good Housekeeping and Waste Management.

REQUIRIMENTS:

- A technical background or previous experience in a hydrocarbon facility with minimum two years.
- Able to work well within an international and multi-cultural environment.
- Understands and respects company HSE regulations and requirements
- Strong Microsoft Excel skills and experience with other Microsoft office products
- Fluent in English – written and oral, ability to read and write in Kurdish and Arabic

If you have the skills and qualifications, we are looking for please send us your cv at hknrecruitment@hknenergy.com

میریمیە پێشەنگێکی دیکەی جوڵانەوەی ڕۆمانسی فەرەنسی





ئاکۆ عەبدوڵا

٢-٢

هەر لەو ساڵەدا ڕۆمانی (کارمن Carmen)ی بڵاوکردەوە کە لە بارەی خۆشەویستی و قین و دەستبەسەرداگرتن و دڵسۆزی و تۆڵەساندنەوە و شێتییە. وەک ئاماژەمان پێدا بیرۆکەکەی لە خاتو کۆنتیسە مۆنتیخۆی وەرگرتبوو. باس لە کچە قەرەجێک دەکات بەناوی کارمن کە دڵی سەربازێکی گوێرایەڵ بە ناوی خۆسییە ناڤارۆ دەبات، ئەویش لە سەر ئەو، کەسێک دەکوژێت و دواتر لەگەڵیدا وەک تاوانبار لە بەردەم یاسا ڕادەکات و لەگەڵ هاوڕێکانی کارمن، بەشداری لە کاری نایاسایی دەکات. کاتێکیش بۆی دەردەکەوێ کارمن هاوسەری هەیە و لە زیندانە، دوای ئازادبوونی. هاوسەرەکەشی دەکوژێت. دواتر کە دەزانێ کارمن کەوتۆتە خۆشەویستی ئەسکامیۆی ماتادۆر، هەوڵدەدات ئەویش بکوژێت. دواتر دەیانەوێت بەیەکەوە بەرەو ئەمەریکا ڕابکەن. ئینجا کارمنیش دەکوژێت. لە کۆتایدا ناڤارۆ دەستگیر دەکرێت و لە سێدارە دەدرێت.

نووسەر ئەو چیرۆکەی بەشێوەیەکی وروژێنەرانە لەسەر زمانی چیرۆکخوێنێکی فەرەنسی خستۆتە بەردیدە کە بۆ کاری ئەکادیمی چۆتە ئیسپانیا و لەوێدا بە دیداری خۆسییە دەگات و هەندێک لە ڕووداوەکانیشی لە دەمی ئەو گوێلێبووە. لەو بەرهەمەدا کارمن لە پێناو پاڕێزگاریکردنی لە ئازادی جەستەی، زۆر لێهاتووانە توانای خۆی بۆ لە خشتەبردنی یەک لە دوای یەکی پیاو بەکارهێناوە، لەبەر ئەو ئازادیەشی بوو نەیدەتوانی تاسەر پاڕێزگاری لەیەکێکیان بکات و لەگەڵی ئاوێتەبێت. شایانی باسە لە بەشی چوارەمی ڕۆمانەکەدا بە کورتی باس لە میژوو و فەلسەفە و ژیان و زمان و داب و نەریتەکانی قەرەج دەکرێ.

سەرکەوتنێکی دیکەی گرنگیش لەوەدایە بەریەککەوتنی چەمکەکانی ژیانی مەدەنی و کەلتووری قەرەج و دژبەیەکەکانی لەگەڵ بەها و شێوازی بیرکردنەوە خستۆتەڕوو. ئەمە جگە لە دینامیکییەتی گێڕانەوەکەی. جا لەگەڵ ئەوەی بە شاکارێکی گرنگ دادەنرێت و لەو جۆرە چیرۆکانەشە کە هەمەرەنگی تراژیدیی لە بارەی لادان بە هۆی خۆشەویستی نیشاندەدات، بەڵام لە ڕۆژگاری خۆیدا هاوشێوەی ڕۆمانی کۆلۆمبیا کاردانەوەی نەبوو، بەپێچەوانەوە لەبەر ناوەرۆکە دوور لە ئاکار و بنەماکان، خەڵکانێکی دیار و شارەزا هێرشیان کردە سەری. بەڵام کاتێک ساڵی 1875 جۆرج بیزیە وەک ئۆپێرا بۆ یەکەمجار پێشکەشیکرد، زیاتر ناسرا، هەرچەندە سەرەتا ئۆپێراکەش بە باشی پێشوازی لێنەکرا. تا دواتر کەسانی شارەزای وەک دیبوسی و سان سانس و چایکۆڤسکی و برامس، بە گرنگییەوە ئامادەی بوون و گەواهی ئەوەشیان بۆ دا، مەزنترین ئۆپێرایە کە دوای جەنگی فەرەنسی و ڕووسی بەرهەمهێنرابێت. شایانی باسە ئەو ڕۆمانە جگە لە ئۆپێرا بۆتە سەچاوەیەک بۆ شێوەکاران و سینەماکارانیش. لێرەشدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین هەریەک لە کۆلۆمبیا و کارمن، ڕەهەندێک کۆیان دەکاتەوە ئەویش سروشتی شەڕانگێزانەی ژنە. ئەگەر کارمن ژنێکی شەڕانگێزی وەها بێت هەر کاتێک بیەوێت بێئومێدی و مردن بلاوبکاتەوە و گاڵتە بە سۆزی پیاوان بکات، ئەوە کۆلۆمبیاش شەڕانگێزە و هەوڵی کارەساتی وەهای دەدا کە جگە لە بێئومێدی هیچی دیکەی لێنەیەتە بەرهەم. ڕووداوەکانی کۆلۆمبیا لە کۆرسیکایە و هی کارمنیش لە ئیسپانیا، لەبەر ئەوەشە میریمیە ئەو شوێنانەی کردۆتە جوگرافیەی چیرۆکەکان، چونکە ئەوسا ژنی فەرەنسی لە قۆناغێکی گرنگی وەها دابووین کە بتوانن بە جۆری دیکە بیربکەنەوە.

لە ساڵی 1846ڕۆمانی (Il Viccolo di Madama Lucrezia)و ساڵی دواتر کتێبی (مێژووی دۆن پیدرۆی پادشای قشتالەHistoire de don Pédre, roi de Castille)ی بڵاوکردەوە. ئەوەی دوایی کتێبێکی گەورەیە لە بارەتی مێژووی ئیسپانیا و باس لە ژیاننامەی دۆن پیدرۆی دەکات. ئەو دەسەڵاتدارە دڵڕەقەی کە لە سەدەی چواردەهەم ژیا. هەر لەو ساڵەدا کاتێک شۆڕشە گەورەکە هەڵگیرسا و دەسەلاتی لویس فیلیپی ڕامااڵی و لە شوێنیدا لویس بۆناپۆرت کۆماری دووەمی دامەزراند، میریمیە وەک زۆر لە ناودارانی دیکەی ئەوسا هەڵوێستی خۆی نواند. کاتێکیش حکومەتی نوێ نووسینگەی شوێنەواری مێژوویی هەڵوەشاندەوە و کارەکەی لەگەڵ کارگێڕی هونەرە جوانەکان تێکەڵکرد، میریمیە هێشتا لە پایەکەی خۆی ماوە و لەگەڵیشیدا ئەندامی لێژنەی شوێنەواری مێژوویی بوو. هەرچەندە ماوەیەک لە چالاکییەکانی وەستا.

ساڵی 1850ڕۆمانی (دوو هێریتاگس Les Deux Héritages)ی بڵاوکردەوە. ساڵی دواتر لویس ناپلیۆن دەستوری فەرەهەمکردەوە و خۆی کرد بە ئیمپراتۆر بەناوی (ناپلیۆنی سێیەم). ئەوسا میریمیە بە پێچەوانەی هۆگۆ و زۆر ئەدیب و کەسی ناسراوی دیکە، بە شێوەیەکی لۆژیکیانە ئەو کۆدێتایەکەی قبوڵکرد چونکە لە ئاژاوەکان دەترسا و کەسیشی لەو باشتر نەدەبینی. هەر لەو ساڵەدا کتێبی (ئەدەبی ڕووسی La Lit-térature en Russie)ی بڵاوکردەوە کە تێیدا بەوردی باسی لە نیکۆلای گۆگل کردووە. لە ساڵی 1852 کتێبی (بازنەیەک لە مێژووی ڕووسیا Un Episode de l'histoire de Russie) (نامەکان بۆ ئیدوارد ئیلیس Let-tres à Edward Ellice)و (نامە گشتییەکان General Correspondence).

میریمیە خۆشەویستی زۆر گەرم و پەرۆشیانەی تێکەدەری کردۆتە بابەتی زۆربەی کورتە چیرۆکەکانی. هەروەها حەزی لە چوونە ناوەوەی ئالۆزی و هەموو شتە نائاساییەکان بوو. یەک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی میریمیە لە ستایلی نووسینیدایە کە بەوردی و پوختی دەناسرێتەوە. لە تەکیشیدا زۆر گرنگی بە لایەنی زمانەوانی و ڕەوانبێژی دەدا، بۆیە ڕەخنەگران زۆربەی بەرهەمەکانیان لە بەرزی پۆلینکردووە. زۆر لە بەرهەمەکانی کراون بە ماددەی گرنگ بۆ کاری سینەمایی.

(tamans لە ساڵی 1866ڕۆمانی (ژووری شین La Chambre bleue) ی بڵاوکراوە. ئەو ڕۆمانە بریتییە لە کۆی کۆمەڵێک چیرۆکی ئەفسانەیی کە لە پێناو چێژ بەخشین بە ناپلیۆنی سێیەم داینابوو. لە ساڵی 1869ڕۆمانی (لۆکیس Lokis)ی بڵاوکردەوە کە ناوەڕۆکێکی سامناکی هەیە و باس لە پیاوێک دەکات نیوەی مرۆڤە و نیوەکەی دیکەشی ورچە. ناوەڕۆکی ئەو بەرهەمەی لە چیرۆکێکی دەنیمارکی وەرگرتبووە. ئەوەشیان کە دوا بەرهەمیبوو لە سەردەمی خۆیدا بڵاوکرابێتەوە، بۆ شادی بەخشی بە خانمی ئیمپراتۆر دایڕێژتبوو. کاتێک جەنگی نێوان پروسیا و فەرەنسا لە ساڵی 1870بەرپابوو، میریمیە و بە جۆشەوە هەڵوێستی دەربڕێ. بەڵام هێندەی پێنەچوو بارەکە زۆر خراپ گۆڕا و ڕۆژی 3ی ئەیلولی ئەو ساڵە ناپلیۆنی سێیەم ملیکەچکرد. میریمیە لەگەڵ ئەوەی ئەوسا تەندروستی باش نەبوو، کەچی لە کۆشکی لوکسمبورگ بەشداری دوا کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پیران کرد. دواتر خاتونی ئیمپراتۆر بۆ شاری لەندەن ڕایکرد و ناپلیۆنی سێیەمیش لە دەسەلات لادرا. هێندەی پێنەچوو لە ڕۆژی 23 ی ئەیلول میریمیە لە شاری کان کۆچیدواییکرد. هەر ئەو ساڵە لە دوای خۆی ڕۆمانی دجومان Djoûmane)ی بڵاوکراوە کە تایبەتە بە سەربازێک بە چاوەکانی خۆی لە باکوری ئەفریقا و ئەفسونی بینیوە لەلایەن ئافرەتێک کە لە مارێکی کردبوو. دواتر دەرک بەوە دەکات ئەوەی بینیوەتی تەنیا خەونە. ساڵی دواتر لەکاتی ڕووداوەکانی کۆمونەی پاریس، بە هۆی ئەو پێوەندییە تۆکمەیەی میریمیە لەگەڵ ئیمپراتۆری لە دەسەلات لادراو هەیبوو، ئاژاوەگێڕەکان هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکەی و ئاگریاندا کە لەناویدا زۆر دەستنووسیش بوونە سوتماک. شایانی باسە جگە لەو بەرهەمانەی ئاماژەمان پێدان، میریمیە کۆمەڵێک ڕۆمان و کتێبی دیکەی نووسیوە. دیارترین بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی لە زمانی ڕووسی بۆ فەرەنسی ئەوانەن، چیرۆکی شانشینی بەستونیLa Dame de pique)ی ئەلێکسندەر پۆشکین کە لە ساڵی 1852 و (پشکێنەری گشتیL'Inspecteur général)ی نیکۆلای گۆگۆل لە ساڵی دواتر و (لە ئێوارەدا Apparitions)ی ئیڤان تورگینیڤ لە 1866 بڵاویکردبوونەوە. هەروەها کۆمەڵێک کتێبی دیکەی لە شێوەی نامە نووسیوە، بە ناوەکانی (نامەکان بۆ نەناسراوێک Lettres à une inconnue)کە کۆمەڵێک نامەیە بۆ جینی داکوینی ناردووە. (نامەکان بۆ پانیزی Letters to Pa-nizziکە کۆمەڵێک نامەی گرتۆتەخۆ بۆ سێر ئەنتۆنی بانیزی ئەمینی کتێبخانەی موزەخانەی بەریتانی ناردبوو.

ئیتاڵۆ کالڤینۆ
لە ڕێگای (هێلانەکەی جاڵجاڵۆکە)وە ناسرا



بۆتان جەلال

ئەوەی (ئیتاڵۆ کالڤینۆ)ی گەورە نووسەری ناسراوی ئیتاڵیا لە نووسەرانی دیکەی وڵاتەکەی و وڵاتانی ئەوروپا جیادەکاتەوە، ئەو شێوازی نووسین و ستایلە هزرییەیە کە هەمیشە خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و بە تایبەتمەندییەکی زۆرەوە، نووسینەکانی مۆرکی ئەویان پێوە دیار دەکەوێ و دەناسرێنەوە، ڕەنگە هەر لەبەر ئەو هۆیە و هۆی دیکەش بووبێت ڕەخنەگران نازناوی (مەلە تاک و تەریک)ەکەیان لێ نابێت، هەر کات لە دەرەوەی پۆلە مەلەکان بە تەنیا ژیاوە و بیری کردۆتەوە.

کالڤینۆ توانایەکی ڕادەبەدەری لە وەرگرتنی مانا واقیعییەکان هەیە بۆ گۆڕین و نوێکردنەوەی شێوازی جیاوازی لە واقیعەت لە ڕێگای بەکارهێنانی جۆرێک لە تەنزی نامۆ و سەرنجڕاکێشانەی ئەوتۆ کەوا لە خوێنەرانی بکات هەر وەختێ دەست بکات بە خوێندنەوەی نووسینێکی ئەو، ئیتر تا کۆتایی نەتوانێ بوەستێ و پاشان هەست بە ئارامییەکی دەروونی خاوێن بکات و مەستی چێژەکانی ئەو مانایانە ببێ کە لە دەقەکەدا هەنە، چونکی هەر کات کالڤینۆ نووسینی بە چێژ بەخشین لێکداوەتەوە نەک ئەرک، لەو ڕوانگەیەوە دەبینین لەهەر بەرهەمێکدا جۆرێک لە تەمێکی سپی جوان بەسەر بابەتەکە بااڵ دەکێشێ، بەرە بەرە تا چەند لە کۆتاییەکەی نزیک ببێتەوە تەمەکە تەنک و ڕوون دەبێتەوە و بەرچاو ڕووناک نیشان دەدات.

جیهان وەک ئەوەی کالڤینۆ دەیبینێ بریتییە لە فەزایەکی بەرفراوان و هەمیشە ئالۆز، ئەو دەڵێ پێویستە مرۆڤ لە ژیانیدا لە هەر ڕۆژێکدا گۆشەیەک لەو فەزایە بناسێت و شارەزایی لێ پەیدا بکات، ماناکانی ژیان لەوەوە هەڵدەقوڵێن کاتێ مرۆڤ نازادانە ژیا و نازادانە گوزارشت لە شتە پەنهانەکانی دەوروبەری بکات و سۆراغی نادیارەکان بکات.

ئەم نووسەرە لە ساڵی 1923 لە (هاڤانا)ی پایتەختی وڵاتی کوبا هاتۆتە دنیا، پاش چەند ساڵێک دوای لە دایکبوونی، خانەوادەکەیان دەگەڕێنەوە ئیتاڵیا و لە شاری (سان ڕیمۆ) نیشتەجێ دەبن، پاش بڕینی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی، دەچێتە زانکۆ و کۆلێژی کشتوکاڵ لە شاری تۆرینۆ دڕێژە بە وەرگرتنی زانست دەدات، بەڵام عەشقی بۆ ئەدەب هەرگیز لە خۆیندنەوە و گەڕان بە دوای ئەو کتێبانەی کە حەزیانی لێدەکرد بیانخوێنێتەوە، بێزاری ناکەن، چەند جارێکیش گوتوبەتی ئەو کتێبانەی کە لە هەڕەتی گەنجێتیدا خوێندومنەتەوە، بوونەتە هەوێن بۆ پێگەیادنی توانستە ئەدەبییەکانم و گەش و نمای داهێنانەکان و هەستی نووسینەیان لەلام تیژتر کردوون، نەخاسمە کتێبی (دانپێدانانی پیرەمێردە هەشتا ساڵییەکە)ی ئیپۆلیتۆ نیڤۆ IPPOLITTO NIEVO ئێستاش لای من ئەو کتێبە باشترین ڕۆمانی سەدەی نۆزدەهەمە لە سەرتاپای ئەوروپا کە هەموو تەکنیکێکی هونەری ڕۆمانی تیایە، هەر لە ژێر کاریگەری ئەو ڕۆمانەش بوو کە من یەکەم ڕۆمانی خۆم (ڕێگای هێلانەکانی جاڵجاڵۆکە)م نووسی، هەر بە هۆی ئەو ڕۆمانەوەش بوو لە جیهاندا منیان ناسی.

ڕۆمانێکی دیکەش کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر هەزر و ویژدانی کالڤینۆ دەیەوێ لە ڕێگای ئەمو مرۆڤە لاتەدا بچێتە ناخی ئەو کەسانەی کە هەست بە نامۆیی و ونبوونی خۆیان دەکەن و ناتوانن لەو دنیا بەرینەدا شوێنێک بدۆزنەوە تیایدا ئارام دابنیشن.

ساڵی 1943دەچێتە ڕیزی بەرگریکاران دژ بە فاشییەکانی ئیتاڵیا، پاش کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، دووبارە ڕووەکاتەوە خوێندن و ئەمجارەیان لە کۆلێژی ئاداب لە شاری تۆرینۆ دڕێژە بە خوێندنی دەدات و نووسینێکی چڕ و پڕ لەسەر نووسەری بەریتانی بە ڕەگەز پۆلۆنی (جۆزیف کۆنراد) بڵاودەکاتەوە، هەر لەو سات و وەختەشدا دەچێتە ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئیتاڵی لەگەڵیاندا چالاکی حیزبی ئەنجام دەدات و چەند کورتە باسێکی سیاسی و وێژەیی لە ڕۆژنامەی یونیتا UNITAدا بڵاو دەکاتەوە و پاشان دەبێتە سەرپەرشتیاری پاشکۆ ئەدەبییەکەی، لە هەمان کاتدا وەک ئەندام لە (لێژنەی خوێندنەوە)ی خانەی ELN-NUPLوەردەگیرێت کە یەکێکە لە گەورەترین خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەکانی ئیتاڵیا.

ساڵی 1947ڕۆمانی (ڕێگای هێلانەکانی جاڵجاڵۆکە) چاپ دەکات، دوای ئەویش کۆمەڵە چیرۆکێکی کورت بەناونیشانی قەڵەڕەش لە دوایدا دێت)ی بڵاوکردەوە، سەبارەت بەو دوو بەرهەمەی کە بە خەیاڵی دەست پێکردنی دەزاندرێت، نووسەر دەڵێت (سەرەتا دەمویست چیرۆک بە شێواز و تەکنیکی (واقیعی نوێ) بنووسم کە ئەو کات باوی بوو، واتە ئەو ڕووداوانە بکەمە چیرۆک کە بەسەر خەڵکی غەیرە خۆم هاتوون و دوورن لە خەیاڵ و ئەندیشەکانم، خەڵکانی دیکە مەبەستم ئەوانەن لە ڕێگای ڕاست لایانداوە و دووچاری سەرگەردان و کارەساتە مرۆییەکان هاتوون و ژیانیان لێوانلێوە لە مەرگ زام و نەهامەتی، بۆیە بە ڕستەی کورت وخێرا چیرۆکەکانم دادەڕشتن، سەرەڕای ئەمەش خوێنەرەکانم چێژیان لێ وەردەگرتن و بەسەرکەوتوویان لە قەڵەم دەدان).

ساڵی 1951فیکۆنتی دووڵەت کراو)ی نووسی، ئەمەیان سیانیەکی زۆر سەرنجڕاکێشە، لە ناونیشانیدا لای ڕەخنەگران وا دەخوێندرایەوە کە من مەبەستم لەو بەرهەمە ئەوە بێ کە مرۆڤ دوو لەتە، خێر و شەڕ، بەڵام هەرگیز من مەبەستم ئەوە نییە، بەڵکو لای من مرۆڤ لەو زەمەنی ئێستامادا بەهۆی زۆرێک هۆکار ناجێگیرەوە، بۆتە دوو بەش و دوو لەت و دوو هزر و دوو ڕا و دوو بیروبۆچوون و دوو باوەڕ و دوو هەڵوێست.

پاش ئەو ڕۆمانە سێیانییە، ڕۆمانێکی تری بەناوی (بارونی هەڵواسراو) بڵاوکردەوە، لەم ڕۆمانەدا بارون پاڵەوان و نووسەر لە ستایلێکی فانتازیای سیحریدا بەرجەستەی چەندین فیکر و ئایدی تیا کردووە، بارون مندالێکە چۆتە سەر دارێک و بڕیاری داوە هەرگیز بەسەر ئەو دارە نەیەتە خوارێ، ئەو دار و ئەو دار دەکات و یاخیە و قبوڵی نیە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە سەر زەوی، لە قسە و باسەکانی بارونداز زۆرێک مانا دێنە دەست کە لە واقیعی ئەمڕۆی مرۆڤدا جێگای خۆیان کردۆتەوە.

لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا ئیتاڵۆ کالڤینۆ لە نێوەندە پڕۆشنبیریەکان زیاتر ناسراو خوێنەرێکی زۆری بۆ خۆی دروست دەکات، پاشان لەسەر ئاستی هەموو ئەوروپا و ئەمریکا بە ڕۆمانووسێکی ستایل جیاواز و ئازا و ئازاد لە قەڵەم دەدرا.

ئەم نوسەرە زۆر حەزی لە گەشت بوو، هەردەم لە سەفەری ئەو شار و ئەو وڵات ڕۆژانی خۆی بەسەر دەبرد، چەند ساڵێک لە پاریس نیشتەجێ بوو، بەڵام شارێک کە هەمیشە کالڤینۆ حەزی دەکرد تیایدا بژی و بنووسێ، شاری نیۆیۆرک بوو. لە ساڵی 1985یەکجاری لاپەڕەکانی ژیانی دەپێچێتەوە بۆ دواجار لە ژیاندا کۆچی دوایی دەکات.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/1/17 ژمارە (5674)

سەرەتایەک لەموزیکی یۆنانیدا



رووبار نانەکەلی

موزیک لە سەردەمی ئەگریکی کۆندا رۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا بە تایبەت لە بۆنە نیشتمانییەکاندا، ئەوەتا میژوو دەگێڕێتەوە کە هۆمیروس ئاوەزوویەکی زۆری هەبووە لە سەر موزیک و خۆشی ئامێری قیسارەی ژەنیووە، بە تایبەت لە کاتی نووسینەوەی ئەلیازەو ئۆدیس دا، هەروەها فەیلەسوفە یۆنانییەکان لەوانەش ئەرەستۆو ئەفلاتون جەختیان لەوە کردۆتەوە کە موزیک رۆڵێکی کارای هەیە لە سەر بە پاک راگرتنی رەوشتی مرۆڤ لە کۆمەڵگاکاندا، بۆیە زاناکان دەڵێن : فیتاگۆرس -490 580دیارترین سیمای بایەخدانی موزیک بووە لە میژووی موزیکدا ئەگەرچی خۆی لە خۆیدا موزیکیش نەبووە، بەڵام یەکەم موزیک کە لە میژووی یۆناندا تۆمار کرابێت و بوبێتە یەکەم موزیک لە میژووی مرۆڤایەتیدا موزیکی (تیرباندۆس)ە لە سەدەی حەوتی پێش زایین دا، کە تێیدا گۆرانیەک بە ئامێرێک یان دوان دەگوترا..

دواتر لە سەردەمی زێڕینی شانۆی یۆنانیدا 500 -350 پ.ز، ئامرازەکانی موزیک ژەنین بوو بە ئامرازێکی گوزارشت لێ کردن لای دراماکارەکان و موزیک بە پانتاییەکی بەرفرەوان وەک (کاریگەری دەنگ) لە کارە داماکارییەکان و شانۆدا بەکار هێنداراوە، هەتا فەیلەسوفە یۆنانیە کۆنەکانی وەک ئەرەستۆو ئەسخیلۆس و یۆریپیدس و سۆفۆکلیس هەمیشە هەوڵیان داوە ریتمە وشە بە شێوەی موزیک و میلۆدیکی موزیکی لە نووسینەکانیاندا بەرجەستە بکەن، بە تایبەت لە شانۆگەریەکاندا، گرنگترین ئامرازە موزیکیەکانیش ئامرازی فو لێ کردن (فلوت، ترومبیت، کور) بوون، وێڕای هەندێ ئامێری ژێداری وەک قیسارەو هارب .

دوای سەرهەڵدانی مەسیحیەت لە یۆنان، موزیکی یۆنانی ئاوێتەی موزیکو تەقسە ئاینییەکانی کەنیسەی بێزەنتی بوو، کاتێکیش کە شارستانیەتی هیلینی یۆنانی گەیشتە رۆژهەلاتی ناوەڕاست، ئەو کاتە موزیکی یۆنانی لای ڕۆژ لە ولاتانی وەک میسرو سوریاو ئێراق وفەلەستین و ئێران ناسراو بوو، کە ئامێزیان بۆ ئەو شارستانیەتەی کەنیسای بێزەنتی کردەوە، بەم شێوەیە موزیکی شارستانیەتی کۆنی یۆنانیلە رۆژهەلاتی ناوەڕاست دا تەشەنەی کرد .. شوێنەواری ئەو موزیکەش بۆ ماوەی هەزار ساڵ لەو ناوچەیەدا خۆی سەپاند ..

تۆێژەرەکان پێیان وایە کە موزیکی فۆلکلۆری یۆنانی لە ئاوێتە بوونی موزیکی بەلقانی (تورکی، سلۆڤینی، بولگارییە) پێک هاتووە، ئەم جۆرە موزیکە بە شێوەیەکی سروشتی نەشو نومای کردووە، بێ ئەوەی ئەوەندە پەیوەست بوونی بە هونەری کۆنی یۆنانییەوە بمێنێتەوە، لەو موزیکانەی کاتی خۆی شانۆکارە یۆنانییەکان لە بەرهەمەکانی خۆیاندا بەکاریان دەهێناوە، بۆیە موزیکی تەقلیدی تا سەدەی بیستەم سەری هەڵنەدایەوە، تا هاتنە پێشەوەی کۆمەڵە ئاواز دانەرێکی نوێ ی یۆنانی نەبێت کە هەوڵی ئەوەیان دەدا، خۆیان بگەیەننە ئاستی موزیکی تەقلیدی ڕۆژئاوایی، کە دەست پێشخەری یەکەمیان مانولیس کالیومیس بوو کە قوتابیەکی سەربازییەکەی شیلی نیشاندا، دوای بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکی ساڵی 2002لە لایەن ئیسرائیل و ئەمریکا سەرکۆنە کرا، بۆیە جگە لەو هەڵوێستە مرۆییانەی سیمۆژنیاکانی ئەو موزیک ژەنە وەک بڵاو ترین موزیکەکانی نیو سەدەی ڕابوواردوو لە جیهاندا هەژمار کرا .

موزیکی ئەگریکی لە شارستانیەتی کۆن و نوێ دا لەو هونەرە ڕەسەنە مرۆییانەیە کە سەرچاوەکانی بوونەتە هەوێن و کاریگەریی خۆیان لە سەر شانۆ کەنیساو لە سەر بۆنە ئایینی و نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیەکانی ئەو وڵاتەدا بە جێ هێشتووە، لە داوینی ئەو موزیکە ڕەسەنەدا، داهێنانی نوێ لە لایەن نەوەکانی دوای ئەو شارستانیەتە کۆنە ڕەخساوە کە توانییویانە شارستانیەتی خۆیان بە وڵاتانی جیهاندا بڵاو بکەنەوە، بە بەرجەستەی بکەن .. لەم بوارەشدا گەلێک سیمفۆنیاو ئۆرکستڕای گەورە لەو هونەرە مەزنەی یۆنان دابێنن کە بێتە مایەی سەر سورمانی گەلانی جیهان .



موزیکی یۆنانی ئاوێزانی موزیکی خۆیان بکەن و بەو ئاوێتە بوونە جۆرێک لە بە زیندوو ڕاگرتن و ئاوێتە بوون لە نیوان شارستانیەکان دروست بکەن .. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کەنەوەی نوێ توانیوویانە بە شێوازێکی ئەکادیمی و زانستی هەڵسوو کەوت لە گەڵ فۆلکلۆری خۆیاندا بکەن ئەو نەوە موزیک ژەنانەی ولاتی یۆنان لە چەندین ولاتی جیهاندا بە تایبەت لە فەرەنساو ئیمەنا و بریتانیا موزیکیان خوێندوە و ئەو زانستەی پەیدایان کردووە بۆ ئەوەی بۆ خزمەتی کەلەپوورو کولتووری گەلەکەیان بەرجەستەی بکەن .. لەم بوارەشدا گەلێک سیمفۆنیاو ئۆرکستڕای گەورە لەو هونەرە مەزنەی یۆنان دابێنن کە بێتە مایەی سەر سورمانی گەلانی جیهان .

ناودارترین موزیکی یۆنانی نوێ، موزیکی (زۆربا) یە کە ساڵی 1960لە لایەن موزیک ژەنی ناسراوی یۆنانی (میکس تیۆدۆراکس) دانداراوە، کە لە فیلمی زۆربا ـ بەرجەستە کراوەو ئەنتۆنی کوین ڕۆڵی پاڵەوانیەتی تیا بینییووە وناوەرۆکەکەی لە ڕۆمانێکی (نیکۆس کانتزاکیس) کە دوای نمایش کردنی، دەنگۆیێکی گەورەی جیهانیی نایەوە.

تۆێژەرەکانی موزیک دەڵێن: بۆیە موزیکی یۆنانی لای گەلانی جیهان وەک دەوڵەمەندترین و کاریگەرترین موزیک ناسراوە، چونکە یۆنان سەرچاوەی ڕاستەقینەی جوانیی بووە، هەر ئەو کاریگەربوونەی گەلان بووە بە جوانیی یۆنان کە ئەو وڵاتە بێبەشە خاوەنی گەورەترین شارستانی لە بواری موزیکدا، ئەوەتا بە دێڕێڵیی قۆناغەکانی میژوو، زۆر لەو نموونە جوانانەی بەرهەمی ئەو شارستانیەتە دەرکەوتوون و سەر لە نوێ شارستانیەتی ئەو گەلەیان زیندوو کردۆتەوە، تەنانەت وشەی موزیک کە وشەیەکی کۆنی یۆنانیە، جاران لە سەردەمی کۆنی یۆنانیدا بە مانای هونەر بووە بە گشتی، بۆیە موزیک بەشێک بووە لە سەرجەم هونەرەکانی دیکەی یۆنانیدا، بەڵام دواتر تایبەتمەند کراوە بە میتۆدو ئاوازو ڕیتم و بنەمایەک بۆ پەیوەندییە ماتماتیکییەکان و بزووتنەوەی ئەستێرەکان، ئەفلاتون پێی وابوو موزیک بۆ خزمەتی خواوەند بەرجەستە دەکرێت و دەبێت پەیوەست بکرێت بە میتۆدە لاهوتییەکانەوە .

لە شارستانیەتی دوای یۆنانیشدا موزیک هەمیشە سەرچاوەی نەشونوومای بوونی فەلسەفە بووە، لەوانەش لای شوبنهاور، نیتشەو فرۆیدو زۆرانی تریش کاریگەری بنەمایەک بۆ پەیوەندییە ماتماتیکییەکان و بزووتنەوەی ئەستێرەکان، ئەفلاتون پێی وابوو موزیک بۆ خزمەتی خواوەند بەرجەستە دەکرێت و دەبێت پەیوەست بکرێت بە میتۆدە لاهوتییەکانەوە .

لە شارستانیەتی دوای یۆنانیشدا موزیک هەمیشە سەرچاوەی نەشونوومای بوونی فەلسەفە بووە، لەوانەش لای شوبنهاور، نیتشەو فرۆیدو زۆرانی تریش کاریگەری

چاوخشاندنێک بەسەر مێژووی فەلسەفەی یۆنان



ئامادەکردن: ئەحمەد حاجی مەولود

راستی سەرەتای مێژووی فەلسەفە لە کەییەوە دەست پێدەکات؟ لەو کاتەی کە "هراکلیوس گوتی دووجار لە ڕووبارێک مەلە ناکرێت؟ یا خود کاتێک کە "بوزا" یان کونفشیوس زانیاری خۆیان فورمبەندی کرد و بۆ درکی نهێنیەکانی جیهان، ڕێنوێنی خۆیان بۆ ژیانی باشتر بە خەڵک دەدا؟ کاتێک پێغەمبەرەکان پەیامەکانی خواییان بە هۆزەکەی خۆیان دەگەیاند؟ کاتێک کە ئایینی میترانیزم و خۆرپەرستی لە ئێران، بە داب و نەریتی ئاڵۆز بە قوربانی کردن گا و خواردنەوەی خوێنی ئەو بەڕێوە دەچوو؟ یان ئایینی ئورفیوس لە یۆنان هاوکات لەگەڵ ئایینی میترانیزم لە ئێران، کچەکانی خۆیان دەکردە قوربانی خواییەکانیان.



کاتێک کە گاتاکانی زەرتۆشت ڕێک دەخرا. یان کاتێک کە هەزاران هۆز، وەکو پەیڕەوانی قوتابخانەی "ئورفیوس" لە یۆنانی کۆن سەرخۆش بە مەشروبە سەرخۆشکەرەکان و بە سەما کردن، مندالانی خۆیان قوربانی بتەکانی بەردی و خواییەکانی باران، هەتاو و زەوی و... دەکرد؟ یان کاتێک کە "کانت" گوتی: "من بیر دەکەمەوە، کەوایە هەم"؟ فەلسەفە بە دوای چ بووە و لە سەرەتای سەرهەڵدانی وڵامی کام نهێنی جیهانی داوتەوە؟ ئایا دەکرێ لە گۆتارێکی چەند لاپەڕەیی لەسەر پرسێکی وەها کە ژیانی بە نەندازەی ژیانی مرۆڤی بیرمەند بووە و بە درێژایی ژیانی مرۆڤ، زەینی مرۆڤی سەرقاڵ کردووە و کتێبێکی زۆری لەسەر نووسراوە بدوێین؟ هەر چۆنێک بێت، بە چاوخشاندنێک بەسەر ئەو میژووە، یارمەتیدەرمان دەبێت تا بیرەوەرییەکانمان لەسەر ئەو زانستە وەبیر بێتەوە.

لە نێوان فەیلەسوفانی کۆن "سوکرات" زیاتر لە هەمووان دەدەوشێتەوە. پیرەمێردێک، کە داریێکی بڵندی بە دەستەوە بوو و لە کۆڵانەکانی ئاسینا دەسوڕایەوە و لاوەکان بە دەوری کۆ دەبوونەوە و لەگەڵی مشتومڕیان دەکرد ,بە لاوەکان و شاگردانی دەگوت: "من داناتر لە هەموتانم، چونکە زیاتر لە هەموتان دەزانم، کە هیچ نازانم". فەیلەسوفێک کە بە پرسیار و پشکنین هەوڵی دەدا هۆکار و ناخی دیاردەکان بدۆزێتەوە. ئەو، زۆر جار لە ڕێگەی پرسیارکردنەوە بیرمەندەکانی دەخستە بەر پەلامار و ڕەخنەی توند و تیژ و بە شێوەیەکی وا دەیکرد کە ئەوان هەست بە نەزانی خۆیان بکەن و بە دوای ڕاستیدا بگەڕێن. سوکرات لە ڕووی ڕەفتارەوە کەسێکی ئاسایی نەبوو، ئەو جلوبەرگێکی ئاسایی لەبەر دەکرد و بە پێ دەڕۆیشت و هەمیشە بە دوای ڕاستیدا دەگەڕا. سوکرات لە ڕووی ڕەفتارەوە کەسێکی ئاسایی نەبوو، ئەو جلوبەرگێکی ئاسایی لەبەر دەکرد و بە پێ دەڕۆیشت و هەمیشە بە دوای ڕاستیدا دەگەڕا. سوکرات لە ڕووی ڕەفتارەوە کەسێکی ئاسایی نەبوو، ئەو جلوبەرگێکی ئاسایی لەبەر دەکرد و بە پێ دەڕۆیشت و هەمیشە بە دوای ڕاستیدا دەگەڕا.

هەموو شتێکی لە ئاو دەدیت. وانکسمیس سەرچاوەی هەموو شتێکی لە هەوا دەدیت و لە کۆتایی ئەوە گزنفون بوو، کە سەرچاوەی هەموو شتێکی لە خاک دەدیت. بەگشتی لەو قۆناخەدا فەیلەسوفان هەموو شتێکیان لە چوار توخمی ئاو، ئاگر، هەوا و خاک دەدیت.

ئەوە لە کاتێکدا بوو، کە "دیموکریت" باسی لەوە کرد، کە "ئەگەر ماددە بە پارچەی بچووک دابەش بکرێت، بە بچووکترین پارچە دەگەین، کە دابەش نابێت و ناوی لێنا "ئەتۆم".

یەکێک لە گەورەترین فەیلەسوفانی ئەو سەردەمە "پارمینیدس" بوو، کە باسی لە ڕۆڵی مێشک و بیرەوەری مرۆڤ کردووە و باسی لێوە کرد، کە "شتێک کە بێتە مێشکمان و لە بیرمان خۆ نیشان بدات، بوونی دەرەکیشی دەبێت". ئەو باسی لێوەکرد، وێناگەلێک کە لە مێشکی ئێمە خۆ نیشان دەدەن، ئەوە نیشان دەدات، کە ئەوانە لە دەرەوە بوونیان هەیە. بەر لەوەی 3فەیلەسوفی گەورەی میژووی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵەی مرۆڤایەتی لە مێژوو دەرکەون، میژووی فەلسەفەی یۆنان لەلایەن ئەو فەیلەسوفانەی بەر لە ئەرەستۆ و هاوڕێیانی نەوە بە نەوەکانی دوای ئەو شارستانیەتە کۆنە ڕەخساوە کە توانییویانە شارستانیەتی خۆیان بە وڵاتانی جیهاندا بڵاو بکەنەوە، بە بەرجەستەی بکەن .. لەم بوارەشدا گەلێک سیمفۆنیاو ئۆرکستڕای گەورە لەو هونەرە مەزنەی یۆنان دابێنن کە بێتە مایەی سەر سورمانی گەلانی جیهان .

موزیکی یۆنانی لای گەلانی جیهان وەک دەوڵەمەندترین و کاریگەرترین موزیک ناسراوە، چونکە یۆنان سەرچاوەی ڕاستەقینەی جوانیی بووە، هەر ئەو کاریگەربوونەی گەلان بووە بە جوانیی یۆنان کە ئەو وڵاتە بێبەشە خاوەنی گەورەترین شارستانی لە بواری موزیکدا، ئەوەتا بە دێڕێڵیی قۆناغەکانی میژوو، زۆر لەو نموونە جوانانەی بەرهەمی ئەو شارستانیەتە دەرکەوتوون و سەر لە نوێ شارستانیەتی ئەو گەلەیان زیندوو کردۆتەوە، تەنانەت وشەی موزیک کە وشەیەکی کۆنی یۆنانیە، جاران لە سەردەمی کۆنی یۆنانیدا بە مانای هونەر بووە بە گشتی، بۆیە موزیک بەشێک بووە لە سەرجەم هونەرەکانی دیکەی یۆنانیدا، بەڵام دواتر تایبەتمەند کراوە بە میتۆدو ئاوازو ڕیتم و خواوەندە بەرجەستە دەکرێت و بەرجەستەی دەکرێت بە میتۆدە لاهوتییەکانەوە .

لە شارستانیەتی دوای یۆنانیشدا موزیک هەمیشە سەرچاوەی نەشونوومای بوونی فەلسەفە بووە، لەوانەش لای شوبنهاور، نیتشەو فرۆیدو زۆرانی تریش کاریگەری

ئاسودەیی لە جەستە، لەلایەن ڕەواقیەکان بایەخی پێ دەدرا. مرۆڤ ئەگەر تەنانەت لەگەڵ مرۆڤێکی زۆردار بکەوێتە زیندان، بە پشتبەستن بە زانست، گەورەیی ئاکاریی دەتوانێ لەگەڵ دەوروبەری خۆڕابێنێ و بە وشیاری، دادپەروەری ئاکاری دڕێژە بە ژیانی بدات. ڕەواقیەکان باوەڕیان بە غەیب بینین هەبوو .

"سوفستائیان" یان "شەکاکیەکان" ئەوانە بوون، کە بە داکۆکی کردن لەسەر کردار، کارەکانی خۆیان بەرەو پێش دەبرد و گومانیان لە هەموو شتێک دەکرد. ئەو شێوازە لە بیرکردنەوە، ئەوانی کردبووە مرۆڤی زۆر دوورەبین، بە گومانکردن لەبارەی خودی دیاردەکان، باشتر بە ناخی دیاردەکان دەگەیشتن. ئەوان لە ئاکار و لە لۆژیک گومانیان هەبوو و تەنانەت گومانیان لە هەستەکانیش هەبوو. "گومان دەکەم وابێت، بەڵام دڵنیا نیم". "کەلبیەکان" ئەوانە بوون، کە وازیان لە دنیا هێنابوو و وەکو سەگەکان لە قۆرتەکان دەژیان. ئەوانە تەنانەت دژ بە ئازاردانی ئاژەڵانیش بوون. ئەوان باوەڕیان وابوو، کە هەموو مرۆڤەکان وەکو یەکن. هەر بۆیە خۆیان لە نزمترین چینی کۆمەڵگە واتا کۆیلەکان نزیک دەکردەوە. لە ڕێگەی خۆ دوورکردنەوە لە نیعمەتی کۆمەڵایەتی، کە خەڵکی ئاسینا هەیانبوو، ئەوان بە جۆرێک خوازیاری بەرامبەری هاوبەشی دژوارییەکانی کۆیلەکان بوون، کە خۆیان نوێنەرایەتیان دەکرد. "دیوجانوس" یەکێک لە شاگردانی سوکرات بوو، کە لە قۆرتێک دەژیا و لەگەڵ کۆیلەکان بە هەموو شێوەیەک تێکەڵا دەبوو و قسەی دەکرد. "ئەوەی تێگەیشتنە بۆ خەڵکی ئاسایی و کۆیلەکانیش لێی تێدەگەن". نە دەوڵەت، نە خاوەندارەتی، نە ژن و میرایەتی، نە ئایین، نە کۆیلایەتی نابێ هەبێ. دەڵێن ڕۆژێک ئەسکەندری مەقدونی سەردانی کرد و گوتی شتێک لە من داوا بکا ؟ دیوجانس گوتی: لەبەری ڕۆژێ لاچۆ، تا ڕۆژم پێبکەوێ.

خواردەوەی شکۆ و پلە و پایەی دەربەگەکان تاوانبار کرد و بریاری مردنیان بە خواردنی ژەهر بۆ دەرکرد.

سوکرات لە مردن خەمبارە، چونکە دەچێتە لای ئەو خوایانە، کە لەو دانا تر ن. مردن جیابوونەوەی ڕوح لە جەستەیە. سوکرات باوەڕی بە مانەوەی ڕوح هەبوو. ئەو باوەڕی وابوو، کە هەر ئەندازە ڕوح لە جەستە سەربەخۆ بێت، ئەو ئەندازە پاکترە. جەستە تووشی حەز و ئارەزوو دەبێت، جەستە بەرسی دەبێت، دەبێ واز لە جەستە بهێنێدرێ و خۆ بە ڕوح بگرینەوە، ڕوح کە لە جەستە جیا بۆوە یان دەچێتە بەهەشت یان دەچێتە دۆزەخ.

چوار قوتابخانەی فەلسەفی، کە لەلایەن قوتابیانی سوکرات بڵاوبۆوە، لە هەڵو مەرجێکدا بوو، کە ئاسینا شکستی هێنا بوو و جۆرێک خەباتی شاراوە و نائومێدیانە دژێژەی هەبوو.

"ئەپیکوریان" دژ بە ئایین بوون و ئایینیان بە پێویست نەدەزانی. ئەوانە ئیرادەی ئازاد بۆ کردار و چارەنووسیان بە پێویست دەزانی. بۆچوونەکانی ئەپیکورس بە قوناغی یەکەم بۆ دابینکردنی ئارامی دەروونی داڕێژرابوو. چێژ، سەرەتا و ئەنجامی ژیانی بەختیارییە. چێژەکانی ڕوح لە سەرووی چێژەکانی جەستەیە. مەزنیاەتی دەبێ بە دوای چێژ بێت. دادپەروەری واتا ڕەفتارێک، کە تێیدا بەڵگەیەک بۆ ترس بوونی نەبێ. ئەو بە دوای میانەڕەوی و چێژی ئارام بوو. لە خواردن میانەڕەوی دەکرد و دەیگوت بۆ ئەو کارە هەستی ئاسایی بەسە. بەرزترین چێژی کۆمەڵایەتی، دروستی و ڕاستییە.

ڕەواقیەکان باوەڕیان وابوو، کە مەزنایەتی هۆکاری بەختیاریی نەک کەرەستە مادیەکان. بێ بەشی لە مادە و فشاری کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر مەزنایەتی مرۆیی بەهـا و بایەخێکی نییە. دامەزرینەری ئەندێشەکانی ڕەواقیەکان "زنو" بوو. ئەندێشەکانی ئەوان لەسەر بنەماکانی ئاکار داڕێژرابوو. سادەیی لە خۆراک و پۆشاک و کێشەکانی.

لای ئەوان موزیک تەنها هونەرێک نەبووە بۆ چێژەرگرتنێکی کاتی ڕۆحی، بەڵکو زانستێکی فەلسەفی بووە و بنچینەو ڕێساکانی موزیکییان کردۆتە چوارچیوەی زانستێکی ماتماتیکی، هەر بۆ نموونە ڤیتاگۆرس دەڵێت: دەکرێ جوانیی موزیک بکرێتە ڕاستەقینەی خۆیان هەبووە لەسەر هزرو هاێنانە بیرمەندییەکانی ئەو فەیلەسوفانە.

بۆیە نیتشە دەڵێت: ئەوانەی چێژ لە موزیک وەرناگرن، هەستی مرۆییان لاوازە و فاکتەرێکی ڕۆحی لە دەست دەدەن.



ئۆزیل
ئەڵقە لەگەڵ شاجوانی پێشووی تورکیا دەگۆڕێتەوە

ئەستێرەی ئەڵمانی مەسعود ئۆزیل دروستکەری یاریبەکانی یانەی ئارسنالی ئینگلیزی وێنەیەکی خۆی لەسەر لاپەڕەی خۆی لەمالپەڕی کۆمەڵایەتی (ئینستگرام) بڵاوکردەوە، کەتیادا ئاهەنگی دەستنیشانکردنی شاجوانی پێشووی تورکیا ئامینە گۆلشن دەگێرێت، ئەمەش هەنگاوێکی تازەیە لە پەیوەندی سۆزداریان. ئۆزیل لەسەر وێنەکە نووسیویەتی: خوا تاکۆتایی لێمان پیرۆز بکات، هەروەها ئامینە گولشین وێنەی خۆی و ئۆزیلی بڵاوکردەوە،بەهەمان بۆنەوە.

مۆراتا قوربانی دەدات بۆ رزگاربوونی لەدۆزەخی چێڵسی



رۆژنامەی (مارکا)ی ئیسپانی بڵاویکردەوە کە ئەڵقارۆ مۆراتای هێرشبەری یانەی چێڵسی ئینگلیزی بڕیاری ڕۆیشتنی ڕیزی یانەی چیڵسی لەگواستنەوەکانی ئەم زستانە داوە، کەئامادەیە هەموو شتێک بکات لەپێناو پەیوەندیکردن بەیانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپیانی. ڕۆژنامە ئیسپانییەکە ئاماژەی بەوەکرد کە ئەڵقارۆ مۆراتا ئەتلەتیکۆ مەدرید بەشوێنێکی گونجاو دەزانێت بۆ ئەوەی لەنیوەی دووەمی ئەم وەرزە یاری بۆ بکات و درێژە بەکاروانی وەرزشی بدات. ئەڵقارۆ مۆراتا گرفتی زۆری لەگەڵ یانەی چێڵسی هەیە، کە نەیتوانی بە ئاستی چاوەڕێکراوی دەرکەوێت،لەدوای هاتنی بۆئەو یانەیە لەساڵی 2017و جێهێشتنی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لەبری 70ملیۆن یۆرۆ. مۆراتا لەگەڵ یۆڤنتۆس ئاستێکی بەرزی نیشاندا، بەڵام پاشان تووشی گرفت بۆوە، ڕۆژنامەکە دەڵێت: مۆراتا لەگەڵ چێڵسی ساڵانە بڕی 9ملیۆن یۆرۆ وەردەگرێت، کەئەمەش زۆر زەحمەتە لەئەتلەتیکۆ مەدرید دەستی کەوێت. بەڵام ئەڵقارۆ مۆراتا ئامادەیە قوربانی بە مووچەکەی بدات لەپێناو پەیوەندیکردنی بە ئەتلەتیکۆ مەدرید، تەنها لەدۆزەخی چێڵسی ڕزگاری بێت. بۆ ئەم مەبەستەش ئەتلەتیکۆ پێویستە دەستبەردای یاریزانێکی بێت لەنێوان نیکۆلا کالینیچ و گیلسۆن مارتینیز.

لیڤەرپوول بەپێکانی ئارنۆڵد تووشی کێشەی بەرگری دەبێتەوە

ڕاپۆرتە هەواڵەکان لە سێ شەمەی ڕابردوو بڵاویانکردەوە کە ئەلیکساندەر ئارنۆڵد یاریزانی بااڵی ڕاستی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی بۆ ماوەی مانگێک ناتوانێت بەشداری یاریبەکان بکات، بەهۆی ئەوەی تووشی پێکان بۆتەوە. ڕۆژنامەی (دایلی میل)ی ئینگلیزی بڵاویکردەوە، کە لەگەڵ ئەوەی ئارنۆڵد لەیاری شەمەی ڕابردوو بەرامبەر بڕایتۆن یاری کرد، بەڵام پاشان پشکنینەکان دەریان خست کەپێکانێکی بەهێز لەئەژنۆی هەیە. لیڤەرپوول ئێستا گرفتی زۆری لەگەڵ پێکانی یاریزانانی بەرگری هەیە، لەسەروویان یاریزانی کرواتی دیان لۆفرین و گۆ گۆمێز، هەروەها ڕۆیشتنی کلاین بەخواستن بۆ یانەی بۆرنموس تا کۆتایی وەرز، ئەمەش دەرگا لەبەردەم جیمس میلنەر دەکاتەوە کە لەباڵی ڕاست بەرامبەر کریستال پالاس لەشەمەی داهاتوو یاری بکات، لەمیانی گەڕی 23ی خولی پرێمەرلیگ.

تۆتنهام 7یاری بەبێ هاری کین ئەنجام دەدات





ڕاپۆرتە هەواڵەکان ئاشکرایان کرد کەهاری کین ئەستێرەی یانەی تۆتنهام بۆماوەی مانگێک لەیاریگا دوور دەکەوێتەوە، دوای ئەوەی لەیاری ڕابردوویان بەرامبەر یانەی مان یونایتد تووشی پێکانی گۆزینگی بۆوە، کە تیایدا یانەی تۆتنهام بەگۆڵێکی بێ بەرامبەر شکستی خوارد، لەمیانی گەڕی 22ی خولی ئینگلیزی، ڕۆژنامەی (تیلیگراف) ئاماژەی بەوەکرد کەکین بەهۆی پێکان مانگێک یاری ناکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی تیپەکەی لە7یاریدا بەبێ ناوبراو یاری بکات، بەهۆی قەڵەبااڵغی خشتەی یاریبەکان لەم ساتەدا، تاکو شوباتی داهاتوو، کەتیایدا بەشداری 4خول دەکات، پرێمەرلیگ و جامی یەکێتی و جامی یەکگرتوویی ئینگلیزی و خولی یانەپاڵەوانەکانی ئەورووپا. کە یاریبەکانیش بەمشێوەیە دەبن:

– فولهام*تۆتنهام/خولی ناوخۆ، چێلسی*تۆتنهام/گەڕانەوەی پێش کۆتایی جامی یەکگرتوو، تۆتنهام*واتفۆرد/خولی ناوخۆ، تۆتنهام*نیوکاسل/خولی ناوخۆ، تۆتنهام/لیستەر سیتی/خولی ناوخۆ، تۆتنهام*دۆرتموند/خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، هاری کین لەرکابەری خەاڵتی گۆڵکاری خولی پرێمەرلیگدایە، شان بەشانی محەمەد سەاڵح /لیڤەرپوول و ئۆباميانگ/ئارسنال، کە هەریەکەیان 14گۆڵیان هەیە.

نەبەز ڕوستایی

www.xebat.net
خەبات پێنج شەممە 2019/1/17 ژمارە (5674)



یانەی خانزاد دەسکەوتەکانی 2018ی بۆ پشتیوانی بەردەوامیی د. شاکر سمۆ گەڕاندەوە

ڕۆژی سێشەممە 15/1/2019یانەی خانزاد بە سەرپەرشتی د. دلزار حەمەسالح سەرۆکی یانە و ئامادەبوونی جێگری سەرۆک و ئەندامانی دەستەی کارگێڕی و سەرپەرشتیار و ڕاهێنەر و ناوبژیوانان کۆبوونەوەیەکی گشتی بەڕێوەچوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا کارو چالاکی و دەسکەوت وبەشداریەکانی یانەی شەترەنجی خانزاد لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق و دەرەوەدا هەڵسەنگێندران و بەوردی تیشکیان خستە سەر، هەمووان دەستخوشیان لە و ئەنجامانە کرد کە لەماوەی 2018 بۆ ئەوەی سالی 2019پارێزگاری لەو دەسکەوتانە بکەن و بتوانن هەنگاوی باشتر بهاوێژن و بۆ ئەمەش یانەکە هەرچی لەبەر دەستدابێت بەبێ جیاوازی کەمتەرخەمی ناکات لە پشتیوانی کردنی یاریزانان.

بەدەستهێندراون و بیروڕایان ئالوگۆڕ کرد تەوەریکی دیکەش باس لەوە کرا کە هەوڵ بدرێت ڕاهێنەرێک لەدەرەوە بهێندرێت بۆ ئەوەی ئاستی یاریزانەکان زیاتر بەرەو پێش بکەوێت.

دواتر د. دلزار حەمەسالح سەرۆکی یانەی خانزاد دەستخۆشی لەهەموو ئەوانە کرد کە هاوکار بوونە لە بەدەستهێنانی ئەو ئەنجامانەی یانەکە لە ماوەی 2018 کۆبوونەوەکە بەوە کۆتایی هات کە بۆ تیپەکان لە ئاستی کچان و کوران و پێشکەوتووان ، سەرپەرشتیاریان بۆ دەستنیشان بکرێت و ئەمەش بۆ ئامادەباشی تیپەکانی یانەی خانزاد لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتوودا.

پیتەرچیک لەکۆتایی وەرز واز دەهێنێت

گۆڵپارێزی یانەی ئارسنال پیتەرچیک لە سێ شەمەی ڕابردوو ڕایگەیاند کە لەکۆتایی ئەم وەرزەدا ئاستێک بۆ کاروانی وەرزشی دادەنێت، دوای کاروانێکی دوورودرێژی سەرکەوتوو لەسەر ئاستی خولەکانی ئەوروپا. یاریزانی تەمەن 36ساڵ لە حوزەیرانی ساڵی 2015یانەی چێلسی دوای 11ساڵ جێهێشت و پەیوەندی بەیانەی ئارسنال کرد، کە لەگەڵیاندا چەندین نازناوی ناوخۆیی و کیشوەری بەدەستهێناوە. گۆڵپارێزی پێشووی چیکی دەڵێت: ،دوای ئەوەی ماوەی 15ساڵ لەخولی ئینگلیزی یاریم کردو چەندین نازناوم بەدەستهێنا ، هەست دەکەم ئێستا هەموو شتێکم بەدەستهێناوە لەسەر ئاستی کیشوەری و ناوخۆیی. سەبارەت بە داهاتووی لەدوای وازهێنای یاریکردنی توپی پێ، دەڵێت: بەجدی کار لەگەڵ ئارسنال دەکەم، هیواخوازم بتوانم جامێکی دیکە لەم وەرزە بەدەست بێنم، پاشان بیر لەداهاتووی دەرەوەی یاریگا دەکەمەوە. چیک لەگەڵ چێلسی 333یاری ئەنجامداوە، لەساڵانی 2004و 2015و لەگەڵ ئارسنالیش لەدوای 2015ەوە تاکو ئێستا 110یاری ئەنجامداوە.



گۆدین ڕەزامەندی دەربڕی بۆ پەیوەندیکردن بە ئینتەرمیلان



ڕۆژنامەی(ئاس)ی ئیسپانی کە لەپایتەخت دەردەچێت ڕایگەیاند کە یاریزانی ئۆرگوایی دیێگۆ گۆدین بەریکاری ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی ڕەزامەندی داوە بۆ ئەوەی پەیوەندی بەیانەی ئینتەرمیلانی ئیتاڵی بکات، ڕۆژنامەی ئاس (دەڵێت: بەرگریکاری ئۆرگوایی گۆدین ڕەزامەندی خۆی داوەتە ئیدارەی ئینتەرمیلان کە لەسەرەتای وەرزی داهاتوو یاریان بۆ بکات. ڕۆژنامەی ئیسپانی دووپاتیکردەوە کە ئیدارەی ئینتەرمیلان لەگەڵ نوێنەرانی بەرگریکاری ئۆرگوایی ڕێککەوتووە ماوەی 2وەرز بەموچەی 5.5ملیۆن یۆرۆ بۆ هەرساڵێک یاریان بۆ بکات. بەڕێژەیەکی زۆر یاریزانی ئۆرگوایی دیێگۆ گۆدین لەکۆتایی وەرز ڕیزەکانی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید جێدەهێڵێت بەهۆی کۆتایی هاتنی بۆندی نێوانیان لەسەرەتای وەرزی تازەدا. ناوبراو لەسەرەتای وەرزەوە لەلایەن ڕاهێنەرەوە نیشانەی کاپتنی پێدراوە.

خیسۆس
تووشی پێکانێکی بەهێز بۆتەوە



یانەی ڕۆمای ئیتاڵی لەسێ شەمەی ڕابردوو ڕایگەیاند کە بەرگریکاری بەتوانای جوان خیسۆس بۆ ماوەی زیاتر لەمانگێک لەیاریگا دادەبڕێت، بەهۆی پێکان و زیان پێگەیشتنی کرکڕاگەکانی ئەژنۆی. خیسۆس لەیاری ڕابردوویان بەرامبەر ڤیرتۆس ئەنتێلا لە میانی جامی ئیتاڵیا تووشی پێکان هاتەوە. کەناڵی ڕۆمای تەلەڤزیۆنی ڕوونیکردەوە کە خیسۆس بەهۆی زیان بەرکەوتنی کرکڕاگەکانی ئەژنۆی ڕاستی ماوەیەک پشووی پێدەدرێت، پاشان پشکنینی زیاتری بۆ ئەنجام دەدرێت، جێگای وەبیرهێنانەوەیە ڕۆما بە4گۆڵی خاوێن لەیانەی ئەنتێلای بردەوە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 17. Jan. 2019 No: (5674)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

هونەرمەندی گۆرانییبێژ میرا:

گۆرانی تازە کە بڵاوەبێتەوە ئەگەر کچی لەگەڵ نەبێت سەیرکردنی کەم دەبێت

بینەر سەیری کچەکە دەکات پێش ئەوەی گوێ لە گۆرانیی و دەنگی هونەرمەندەکە بگرێت





دیمانە: بەرهەم شێخ عزەدین

زۆرن ئەوانەی لە بواری هونەردا کاردەکەن و لە ماوەیەکی کەم دەردەکەون و بەبەرهەمەکانیان دەناسرێن، هونەرمەندی گۆرانییبێژ میرا، یەکێکە لەو کەسانەی لە ماوەیەکی کورتدا توانی بە گۆرانیەکانی جەماوەرێکی بەرچاو بۆخۆی پەیدابکات، ئەو هونەرمەندە لە دیمانەیەکی کورتدا وەڵامی چەند پرسیارێکی خەباتی بەم شێوەیە دایەوە:

میرا گۆرانی بۆکێ دەڵێت؟

هونەرمەند دەبێت هەمیشە خزمەتی خەڵک بکات، دەبێت گوێ لە هەموو کەس بگرێت تا هەمیشە بزانێت جەماوەرەکەت چی لێت دەوێت.

کام شیعر هەڵدەبژێریت، کێ شیعرت بۆ هەڵدەبژێرێت؟

هەموو کاتێک بەڕاوێژ لەگەڵ مامۆستا هەڵکەوت، هەوڵدەدەین باشترین شیعر هەڵبژێرین، بەڵام زۆرجار هەر خۆی شیعرەکان دەینووسێت.

بۆ جگە لە مامۆستا هەڵکەوت لەگەڵ هیچ ئاوازدانەرێکی دیکە کارناکەیت؟

من لەسەرەتای ژیانمدا هەر لەگەڵ مامۆستا هەڵکەوت کارم کردووە، زۆرێک لە ئاوازدانەرەکان داوایان لێکردووم میلۆدیەکانیان بڵێم، بەڵام من لە قوتابخانەی مامۆستا دەستم پێکردووە، هەر بەردەوامیش دەبم.

گۆرانی لە ئێوەی تازە دەرکەوتووی دنیای هونەر دەکرێت کە ڕسانەیەتی ناپارێزن و گۆرانیەکانتان مۆرکی کوردی پێوە نییە، تۆ دەڵێی چی؟

باشە بۆچی نایەن سەیری کارەکانی مامۆستا هەڵکەوت بکەن؟ من نازانم بۆچی وا ئەڵێن ئەوەی مامۆستا هەڵکەوت دەیکات کوردیە، بەڵام کە دەڵێن مۆرکی کوردی پێوە نییە چونکە شێوازی کارەکانی مامۆستا جیاوازە لە کاری هەمووهونەرمەندانەی کە کار دەکەن، زۆرێک لە هونەرمەندان وەک: (هانی وپە یوە ندجاف و لەیلا فەریقی و مەرزیەفەریقی و بەمنیشەوە) تا ئێستا خەڵک گوێی لێدەگرن.

بۆ گۆرانی هونەرمەندانی کۆن نوێ ناکەیتەوە؟

- بۆ نا؟ دەبێت جارجار گۆرانیەکانیان بڵێینەوە، من بەشبەحاڵی خۆم زۆر جار لە کۆنسێرتەکاندا گۆرانی هونەرمەندانی پێشوو دەڵێمەوە، بەڵام وەکو تازەکردنەوە نەمکردووە، حەز لە دەنگیان دەکەم.

بە کارهێنانی ئافرەت لە کلیپدا چۆن دەبینیت ؟

من وەکو خۆم زۆر بەکەمی ئەوەم کردووە چونکە کارە کانی من جیاوازە، بەڵام زۆر ئاسایی ئەگەر دەرهێنەر سیناریۆی وا دانابێت، کە کچی تیابێت لە کلیپەکەدا، جگە لەوەش دەگەڕێتەوە بۆ شیعرەکە چۆن نووسراوە چونکە گۆرانی لە سەر ئەساسی ئەو شیعرە کلیپ دەکرێت.

ئەو گۆرانییە دینیانەی دەڵێیت بە بڕواوەیە یان تەنها شتێکی کاتی و بەس؟

من زۆر بڕوام بە ئایینی ئیسلام هەیە، ئەوەی دەیکەم بەباوەڕێکی تەواوەوە دەیکەم حەزیشم لێیەتی نەک هەر کاری ئایینی زۆرجار لە مزگەوتەکانی شاری هەولێر بانگمداوە، وە نوێژیش دەکەم تا ئێستاش بەردەوامم.

بۆچی گۆرانی ئێستا بۆ ماوەیەکی کاتی دەمێنێتەوەو خەڵک لە بیری دەکات؟ بەپێچەوانەوە گۆرانییە کۆنەکان بیردەوام لە سەرزاری خەڵکن؟

گۆرانییەکانی ئێستا تەنها بۆ خۆ بەناوبانگکردنە، هیچی دیکەنییە، گۆرانییەک تازە بڵاوەبێتەوە ئەگەر کچی لەگەڵ نەبێت سەیرکردنی کەم دە بێت چونکە بینەر سەیری کچەکە دەکات پێشئەوەی گوێ لە دەنگی هونەرمەندەکە بگرێت، بۆیە گۆرانی ئێستا بە کەمی دە مێنێتەوە، ملیۆدیەکانیشیان یان تورکیە یان فارسیە، بەڵام گورانیەکانی کۆن تا ئێستاش لە گوێی ئێمەدایەو دەشمێنێتەوە، چونکە بە هەستێکی خۆش گوتراوە.

گۆرانی ئیمارات چۆن دروستبوو، تۆ کوردی بۆ گۆرانیت بۆ ئەوان گوتووە؟

گۆران ئیمارات، شیعر کەریم عراقی، ملیۆدی مامۆستا هەڵکەوت زاهیرو دەرهێنەری کلیپ فادی حداد، دابەشکردنی میوزک یەحیا الموجی یە، لە وڵاتی لوبنان وێنەی گیراوە، بەڵام یەنسرتی کلیپ لە دوبەی کراوە، وە داواکردنی ئەو گۆرانیە لە سەر داوای دەڵەتی ئیمارات بووە لە مامۆستا هەڵکەوت کە کارێک بۆ ئیمارات بکرێت، وە هونەرمەندێکی کورد گۆرانییەکە بڵێت، مامۆستاش منی پێ باشبوو چونکە من زۆرباش زمانی دەزانم هەوڵمدا زۆرباش بیڵێم دە ستخۆشییەکی زۆر لە من و مامۆستا کرا لەلایەن دەوڵەتی ئیمارات، کاری تریش هەیە تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوە ئەویش بەمزووانە بڵاو دەبێتەوە.



پەرواز حوسێن داوای چی لەهەواداران دەکات؟

وریشە عومەر

خانمە گۆرانیبێژی دەنگخۆش پەرواز حوسێن لەوالی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام پەیامێکی بڵاوکردۆتەوە و ئاڕاستەی هەواداراني دەکات و دەڵێیت: ئازیزانم دەمەوێیت لەماوە یەکی کورتدا گۆرانی سینگل یان ئەلبوم دروست بکەم ؟ چیتان پێ باشە ؟دەتوانن ئێوە پێشنیارو ستایلی گۆرانی کەئێوەپێتان خۆشە بۆم بنووسن منیش داواکاریەکانتان بەهند وەردەگرم.

خەڵاتی جۆری بەخشرایە 22 بنکەی گەشتیاری



بە مەبەستی بەرزکردنەوەی کوالێتی خزمەتگوزاری لە بنکەکابی گەشتیاری (هوتێل، ریستۆرانت، خواردنی خێرا) و کۆمپانیاکانی گەشتیاری، دەستەی گشتی گەشتوگوزار لەڕێوڕەسمێکی تایبەت خەڵاتی جۆری بەخشێیە ٢٢ بنکەی گەشتیاری.

وتەبێژی دەستەی گەشتوگوزار نادر روستی لەم بارەیە بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاند: بە ئامادەبوونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و جێگری پارێزگای هەولێر و قایمقام و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و ژمارەیەکی زۆر لە بنکەی گەشتیاری لە شارەکان ئەو بنکە گەشتیارییانەی توانیویانە مەرجەکانی ڕێنمای ستانداردی جیهانی جێبەجێ بکەن و خزمەتی ئاست بەرز پێشکەش بە گەشتیاران بکەن خەڵاتی جۆری وەردەگرن، مانگانەش ژمارەی شوێنەکان لە زادبوون دایە.ئەم خەڵاتە دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە بنکەی گەشتیاری فۆڕمیان پڕکردەوە ٢٢ بنکە توانیان خەڵاتەکە ببەنەوە.بەخشینی خەڵاتی جۆری بەردەوام دەبێت بۆ داهاتوو، بۆیە هەر بنکەیک دەتوانێ فۆرم لە بەڕێوەبەرایەتیەکان پربکاتەوە و بچێتە پێشبڕکێکەوە ئەتوانێ لەماوەی چەند مانگێک ببیتە براوەی خەڵاتەکە.



23 هەزار پارچە کریستاڵی پێوەیە

هونەرمەندی جیهانی لیدی گاگا کە هەمیشە بە دەرکەوتنی جیاواز سەرنجی سوشیال میدیا بەرەو خۆی کەمەندە کێش دەکات، ئەمجارەش بە شێوازێکی نوێ دەرکەوتەوە و فوستانەکەی 23هەزار پارچە کریستاڵی لەخۆیەوە گرتووە. لیدی گاگا وەک ناسراوەو شوهرەتی جیهانی پەیدا کردووە، حارێک بە ستایلی پرچی و جارێکی تر بە میکیاژ و ئەم جارەش بە ستایلی جلو بەرگی توانیویەتی سەرنجی ملیۆنەها هەوادار بۆخۆی کەمەندە کێش بکات. شایەنی باسە لیدی گاگا تەمەنی 32ساڵەو بەرەگەز ئەمریکیە.